# إقامة البراهين

## على حكم من استغاث بغير الله
## أو صدق الكهنة والعرافين
## جێگیر كردنی بەڵگەكان

**لە سەر حوكمی كەسێك كە داوای فریاكەوتن بكات لە جگە لە خوای گەورە یاخود هەواڵدەرانی غەیب و فاڵچیان بەڕاست بزانێت**

دانراوی

سماحة الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

**وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**پێشكەش كردن**

الحمد لله و الصلاة و السلام على رسول الله
و على اله و صحبه ومن الاه . أما بعد

لەبەر ئەوەی بیرو باوەڕی یەکخواپەرستی ئەو بنچینەیەیە کە بانگەوازی محمدی کوری عبداللەی ( e ) لەسەر بنیات نراوە کە لەڕاستیدا درێژ بوونەوەیە بۆ بانگەوازی هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة و السلام) هەروەك و خوای گەورە دەفەرمێت :- (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) النحل: ٣٦

واتە: بە تأکیدی بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵکێك پێغەمبەرێکمان ناردووە تا پێیان بڵێت بە تاکو تەنها خوا بپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن و خۆتان دوور بخەنەوە لە تاغوت. وە لە تەواوێتی بیرو باوەڕ بوون بەم بانگەوازە دژایەتی کردنی داهێنراوو شتە پڕ و پوچەکانە بە هەموو جۆر و شێوازەکانیەوە ، وە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە زاناو چاو ڕۆشنا بێت لە دینەکەی دا ، وە خوای گەورە بپەرستێت بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام.

وە موسڵمانانە سەرەتاکان لە پێشینەکانی ئەم نەتەوەیە لەسەر ڕێنمایی بوونە لەکارو باری دینەکەیاندا، چونکە کردەوەکانیان بەڵکو هەموو ئیش و کارەکانیان بە گوێرەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاککراو بووە.

پاشـان کاتـێك کـه زۆربـەی موسـڵمانان لایـان دا لـەم بەرنامـه ڕاسـته. بەرنامـەی قـورئان و سـوننەت ـلـه بـیرو بـاوەڕو کردەوەکانیان دابـەش بـوون بـۆ چـەند تـاقم و حیـزبێك لـه بیرو بـاوەڕو مەزهـەب و سیاسـەت و حـوکمەکان. کـه ئەنجانـی ئـەم لـەرێ دەرچـوونەیش بریتـی بـوو لـه بڵاو بـوونەوەی داهێنـراوو شـتی پـڕو پـوچ و بـەتاڵ و جـادوو گـەری ، کـه ئەمـەش بـووبه دەروازەیـەك بـۆ دوژمنانـی ئیـسلام لـه تانـەدان لـه ئیـسلام و هەڵگرانی ئیسلام.

وەزانایانـی ئیـسلام لـه کـۆن و نـوێدا لـه دانـراوه کانـیاندا خەڵکیان ئاگادار کردۆتەوە لەم شته داهێنراوانه ،وەیەکێك لەو دانراوه گرنگانه پەرتوکی (اقامة البراهين )ی زانای پـایه بەرز شێخ عبدالعزیـزبن عبدالله بن باز . کەپێك هاتوه لەسێنامەی کۆکراوه :

یەکەم :له حوکمی داوای فریاکەوتن له پێغەمبەر ( e )

دووەم: لـه حوکمـی داوی فـریاکەوتن لـه جـن و شـەیتانەکان و نەزرکردن بۆیان.

سێیەم: لـه حوکمـی خواپەرستن به چەند ویردێکی داهێنراوی هاوبەش بڕیار دان.

**وە سەرۆکایەتی کە هەڵگری ئاڵای بانگەوازی ئیسلامییە لەم وولاتە پیرۆزەدا-**

**ئەم سێ نامەیە دەخاتە بەر دەستت ئەی خوێنەری بەڕێز: وەکو هاوکاری کردنێك لە دژایەتی کردنی شتە داهێنراوو ئەفسانەکان، وەبۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی ڕاستەقینەیی بۆ ئیسلام.**

**داواکارین لە خوای بالا دەستی بەرز کە بەم نامانە سوود بگەیەنێت بەبەندەکانی**

و الله ولي التوفيق و صلى الله على محمد واله و صحبه وسلم.

**بلاوکەرەوە**

## بسم الله الرحمن الرحيم

نامەی یەکەم

الحمد لله و الصلاة و السلام على رسول الله
و على اله و أصحابه ومن أهتدى بهداه، اما بعد

**ڕۆژنامـەی (المجـتمع) ی کۆیتـی لـە ژمـارەی ١٥ی دەرچـوو لـە بــەرواری ١٣٩٠/٤/١٩ ك چــەند دێــڕە هۆنراوەیەكــی بــڵاو كردۆتەوە لـە ژێر ناونیشانی (لە یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر (e) ، كـە ناوەڕۆكـی ئـەو چـەند دێـڕە هۆنـراوەیە بـریتییە لـە داوای فـریاكەوتن لــە پێغەمــبەر (e) و داوای ســەركەوتن بــە هـۆی ئـەوەوە بـۆ فریاكەوتنـی نەتـەوەی ئیسلام و رزگاركردنـی لــەو پارچــە پارچــەیی و جیاوازیــیەی كــە تــێی كەوتــووە بـەواژووی كەسـێك كـەناوی لـە خـۆی نـاوە (آمـنة) كـە ئەمـەیش دەقی ئەو چەند دێڕە هۆنراوە ئاماژە بۆكراوەیە:**

یارسول الله ادرك عالما یشعل الحرب و یصلی من لظاها
یارسول الله ادرك امة     في ظلام الشك قد طال سراها
یارسول الله ادرك امة     في متاهات الاسی ضاعت رؤاها
الی أن قالت:
یارسول الله ادرك امة     في ظلام الشك قد طال سراها
عجل النصر كما عجلته      یوم بدر حین نادیت الاله
فاستحال الذل نصرا رائعا   ان لله جنودا لا تراها

**واتـە/ ئـەی پێغەمبەری خوا فریای خەڵكانێك بكەوە كە جەنگێك دادەگیرسێنن و بەگڕو بڵێسەی دەسوتێن.**

**ئەی پێغەمبەری خوافریای نەتەوەیەك بكەوە كە لە تاریكی گوماندا رۆیشتنی دریژەیكێشاوە**

ئەی پێغەمبەری خوافریای نەتەوەیەك بكەوە كە لە چۆڵەوانی خەفتدا بینینی فەوتاوە

## تا دەڵێت

ئەی پێغەمبەری خوافریای نەتەوەیەك بكەوە كە لەتاریكی گۆماندا ڕۆیشتنی درێژەی كێشاوە سەركەوتن پێش بخە هەروەكو چۆن لەڕۆژی بەدرا پێشت خست كاتێك دوعات كرد لەخوا سەر شۆڕی گۆڕا بۆ سەركەوتنێكی جوان بەڕاستی خوای
گەورە سەربازی هەیە كە نایانبینیت .
(الله اكبر ) بەم شێوازە ئەم نوسەرە بانگەوازو داوای فریاكەوتنی خۆی ئاراستەی پێغەمبەر دەكات ( e ) داوای فریاكەوتنی ئۆمەتی لێدەكات بە پێش خستنی سەركەوتنیان كە لە بیری كردووە یاخود نەزانە بەوەی كە سەركەوتن تەنها بەدەستی خوای گەورەیەو ئەم شتە بەدەستی پێغەمبەر ( e ) و جگە لەویش لە دروست كراوەكان نی یە هەروەكو چۆن خوای گەورە دەفەرمێت:(وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ)[1] واتە سەركەوتن نی یە تەنها لەلای خوای بالاَ دەستی

---

[1] ال عمران ١٢٦

کاربەجیٚ نەبێت وە دەفەرمێت : (إِنْ يَنْصُرْكُمُ اللَّهُ فَلا غَالِبَ لَكُمْ وَإِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ ) [٢] واتە ئەگەر خوای گەورە سەرتان بخات ئەوا کەس ناتوانێت زاڵ بێت بەسەرتاندا وە ئەگەر خوای گەورە سەر شۆڕتان بکات ئەوا کیٚ هەیە لە پاش خوای گەورە بتوانێت ئێوە سەربخات.

وە بەدەقی قورئان و سوننەت و یەك دەنگی زانایانیش زانراوەکە خوای گەورە دروست کراوەکانی دروست کردوە تا بەتاك و تەنها بیپەرستن وە پێغەمبەرانیشی ناردووە و پەرتوکەکانیشی دابەزاندووە بۆ ڕوونکردنەوی ئەم پەرستنەو بانگەواز کردن بۆی، هەروەکو دەفەرمێت:(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) [٣] .

واتە: من جن و مرۆڤم دروست نەکردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بەتاك تەنها بم پەرستن هەروەها دەفەرمێت:( وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوت) [٤] .

واتە: بە تأکیدی بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵکێك پێغەمبەرێکمان ناردووە تا بەخەڵکی بڵێن بەتاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن

---

[٢] ال عمران ١٦٠
[٣] الذاريات ٥٦
[٤] النمل -٣٦

و هاوبەشـی بـۆ بـڕیار مـەدەن و خـۆتان دوور بخەنـەوە لـە تاغوتەکان. وە

دەفەرمێت:-(وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ)[٥]

واتـە: لـە پـێش تـۆدا ئـەی محمـد (e) هـیچ پێغەمـبەرێکمان نەناردووە الا نیگامان بۆی ناردووە کە هیچ پەرستراوێکی تری حەق نیـیە شـایەنی پەرستن بێت جگـە لـە خـوای گـەورە دەی کەواتە خوای گەورە بپەرستن بە تەنها.

وە دەفەرمێت: (الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ إِنَّنِي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ) [٦]

واتـە/ئـەم قـورئانە پەرتوکـێکە ئایەتەکانـی تـەواو کـراوەو رێـك خـراوە پاشـان بەباشـترین شـێوە روون کـراوەتەوە لـە لایـەن خوایەکەوە کـە کاربەجـێ و زانایـە لـە پێـناوی ئـەوەی کـە هـیچ پەرسـتراوێك نەپەرسـتن جگـە لـە خـوای گـەورە نەبـێت ،وە مـن پێغەمـبەر (e) ئـەی خەڵکـی بـۆ ئـێوە ترسـێنەر و ئاگـادار کەرەوەم بەسزا لە دنیاو دوارۆژدا بۆ کەسێك سەرپێچی بکات ،وە موژدەدەرم بەبەهەشت بۆ کەسێك کە گوێڕایەڵ بێت.

---

[٥] الانبیاء -٢٥

[٦] هود/١-٢

لـەم چـەند ئایەتـە روونکـرایەوە خـوای گـەورە بـۆمان روون دەکاتـەوە کـە جـن و مرۆڤـی دروسـت نەکـردووە تـەنها بـۆ ئـەوە نەبێت کە بە تاك و تەنها بیپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن ،وە روونـی کـردەوە کـە پێغەمبەرانـی نـاردووە(علـیهم الـصلاة والـسلام) بـۆ فـەرمان کـردن بـەم پەرسـتنەو قەدەغەکردنـی دژەکەی،وە خـوای گـەورە پـێمان ڕادەگەیەنێت کـە ئایەتەکانـی قـورئانەکەی تـەواوو بـاش کـردووە و روونـی کـردۆتەوە بـە تـەواوی تـا جگـە لە خۆی کەسی تر نەپەرستڕێت وەپەرستنیش بـریتیـیە لـە یەکخواپەرسـتیـیەکەی و گوێرایەڵـی کردنـی بەجێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی و وازهێـنان لـە قەدەغەکراوەکانـی کـە خـوای گـەورەیش فەرمانـی بەمـە کـردووە لـە زۆرئایەتـدا لەوانـە دەفەرمێت:(وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ) [٧] .

واتـە/فەرمانیان پێنەکرابوو تـەنها بەوە نەبێت کە خـوای گەورە بپەرستن بە تـاك و تـەنها و دڵسۆزی ونیەت پاکیـیەوە لە دیندا وە لابدەن لە هەموو دینەکانی تر.

وە دەفەرمێت:( وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ) [٨]

---

[٧] البينة/٥

[٨] الاسراء/٢٣

**واتە/ خوای گەورە فەرمانی کردووەو بڕیاری داوە کە هیچ شتێك نەپەرستن تەنها خوای گەورە نەبێت.**

**وە دەفەرمێت:(** فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِص **)** (٩)

**واتە: خوای گەورە بپەرستن بە تاك و تەنها و دڵسوزی لە دیندا ، ئایا پەرستنی پاك و ساف و بێگەردی تەنها بۆ خوای گەورە نیيە؟**

**وە ئایەتی تر لەم مانایانە زۆرن کە هەموویان بەڵگەن لەسەر پێویستێتی نیەت پاکی لەپەرستندا بۆ خوای گەورە بەتاك و تەنها، وە واز هێنان لە پەرستنی جگە لەخوای گەورە لە پێغەمبەران و جگە لەوان ، وە گومانی تێدانیيە کە پاڕانەوە لە گرنگترین جۆرەکانی پەرستنەو کۆکەرەوەترینیانە بۆیە پێویستە بە دڵسۆزی و نیەت پاکی بۆ خوای گەورە بکرێت بە تاك و تەنها، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:(** فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ**)** (١٠)

**واتە /بپاڕێنەوە لە خوای گەورە بەتاك و تەنها و دڵسۆزی لە دیندا با کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت.**

---

(٩) الزمر/٢-٣

(١٠) غافر -١٤

**وه خـوای گـهوره دهفهرمێت:**(وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلا تَدْعُو مَعَ اللَّهِ أَحَداً)[11]

**واتــه/مــزگهوت و شــوێنی كــڕنوش بــردن هــی خــوایه ،ئـێوه مهپاڕێنهوه لـه هـیچ كهسێكی تـر لهگـهڵ خـوای گـهورهدا بهڵكو بهتهنها لهو بپاڕێنهوهو ئهو بپهرستن.**

**وه ئهمــــهیش ههمــــوو دروســــت كــــراوهكان دهگــــرێتهوه لــــه پێغهمـبهران و جگـه لـهوان چـونكه (أحـدا) نهناسـراوه (نكـرة) ورستهكهیش قهدهغهكردنه (نهی) بـۆیه جگـه لـه خـوای گـهوره ههمــوو كهســێكی تــر دهگــرێتهوهو گــشتییه ،خــوای گــهوره دهفهرمێت:**( وَلا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَنْفَعُكَ وَلا يَضُرُّكَ)[12]

**واتـه :مهپاڕێـرهوه لـه جگـه لـه خـوای گـهوره كـه نهسـودت پـێ دهگهیهنن نه زیان.**

**كه ئـهم گفتو گۆیه بـۆ پێغهمبهره ( e ) وه زانراویشه كه خوای گـهوره پاراسـتویهتی لـه هاوبـهش بڕیاردان بهڵكو مهبهست لهوه ئاگاداكـردنهوهی جگهلـه پێغهمـبهره ( e ) پاشـان خـوای گـهوره دهفهرمێت:** (فأن فعلت فأنك اذا من الظالمين)[13]

---

(١١) الجن/١٨
(١٢) يونس/١٠٦
(١٣) يونس ١٠٦

**واتـه: ئەگـەر پاڕایتەوە لـه جگـه لە خوای گەورە ئەوا تۆ لەستەم کارانـی واتـه هاوبـەش بـڕیاردەران کـه ئەگـەر گـەورەی نەوەکانی ئـادەم –علیه الصلاة و السلام- ئەگـەر بپاڕێتەوە لە جگە لە خوای گـەورە دەبێت لـه ستـەم کاران ئـەی ئیتر چۆن جگـە لـەو نابیت بەستـەم کـاران، کـە ستـەمیش ئەگـەر بەبـەر بـڵاوی هـات ئـەوا مەبەسـت پـێی هاوبـەش بڕیاردانـی گەورەیـە هەروەکـو چـۆن خوای گەورە دەفەرمێت:** (والکافرون هم الظالمون) (١٤)

**واتە: کافرەکان ئەوان ستەمکارن.**

**وە دەفەرمێت:**(إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ) (١٥)

**واتە: بەڕاستی هاوبەش بڕیاردان ستەمێکی زۆر گەورەیە.**

**بەم ئایەتانەو جگە لەم ئایەتانەش زانرا کە پاڕانەوە لە جگە لەخـوای گـەورە لـە مـردووەکانو دارو بـتەکانو جگـە لەمانـە هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورەو نەفی ئەو پەرستنە دەکات کە خوای گەورە جنی و مرۆڤی لە پێناوی دا دروست کردووەو پێغەمبەرانـی لـە پێـناوی دا نـاردووەو پەرتوکەکانـی ناردۆتـە خـوارەوە بـۆ ڕوونکـردنەوەی و بانگەوازکـردن بـۆ لای ، کـە ئەمـەیش بریتیـیە لەمانای –لا اله الا الله– کە ماناکەی بریتییە**

---

(١٤) البقرة ٢٥٤

(١٥) لقمان :١٣

له وەی كه هیچ پەرستراوێك نیيه به حەق كەشايەنی پەرستن بێت جگه له (الله) كه –لا اله الا الله–نەفی پەرستن دەكات له جگه له خوای گەورەو جێگیری دەكات بەتاك و تەنها بۆ خوای گەورە ، وەكو خوای گەورە دەفەرمێت: (ذلك بان الله هو الحق وان ما يدعون من دونه الباطل) [١٦]

واته: بەم شێوازە بەڕاستی خوای گەورە حەقەو ڕاستە وە ئەوانەی كه له جگه له خوای گەورە دەيان پەرستن هەموويان بەتاڵن.

كەئەمەيش بنچينەی دينەو بناغەی نەتەوەی ئيسلامە، وە هيچ پەرستنێك ڕاست و دروست نیيه به تەنها لەپاش ڕاستێتی و دروستێتی ئەم بنچينەيە نەبێت، هەروەكو چۆن خوای گەورە دەفەرمێت:(وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ) [١٧]

واته: به تاكيدی نيگامان بۆ تۆ ناردووه ئەی محمد ( e ) وە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆيش كه ئەگەر هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕيار بدەيت ئەوا هەموو كردەوە چاكەكانت بەتاڵ دەبێتەوە و

---

[١٦] لقمان :٣٠

[١٧] الزمر ٦٥

دەبـيت لەوكەسـانەی کـە دۆڕاوو خەسـارەت مەنـدن لـە دنـيا و قيامەتدا.

وە دەفەرمێت: (ولو اشركوا لحبط عنهم ماكانوا يعملون)[١٨]

واتــە: ئەگــەر هاوبەشـيان بـڕيار بدايـە بـۆ خـوای گـەورە ئـەوا هەموو کردەوە چاکەکانيان بەتاڵ دەبووەوە.

وە ئاييـنی ئيسلام بنيات نراوە لەسەر دوو بنچينەی زۆر گەورە يەکێکيان ئەوەيە کە جگە لـە خـوای گـەورە هـيچ کەسێکی تـر نەپەرسـترێت ، دووەمـيشيان ئەوەيـە کـە خواپەرسـتی نەکـرێت تـەنها بـە شـەريعەت و بەرنامـەی پێغەمـبەرەکەی نەبێت (e) کە ئەمـەيش مانـای لاالـه الا الله محمـد رسول الله يـە،بۆيە هەر کەسێك بپارێتەوە لـە پێغەمبەران و جگـە لـەوان ياخود بپارێتەوە لە بت و داروبـەردو جگـە لەمانـە لـە دروسـت کـراوەکان ياخـود داوای فـرياکەوتنيان لێ بکـات ياخـود خـۆی نـزيك بکاتـەوە لێـيان بـە ئاژەڵ سـەربڕين بۆيان و پـەيمان دان پێـيان ،ياخود نوێژيان بۆ بکـات ياخــود کرنوشــيان بــۆ بــبات ئــەوا کردويانێتــی بــە پـەروەردگار لەجگە لـە خوای گەورەو کردويانێتی بە هاوشێوە بــۆ خــوای پــاك و بێگــەرد کــە ئەمــەيش ئــەم بنــچينەيە

---

[١٨] الانعام ٨٨

**هەڵدەوەشێنێتەوە و نەفی مانای لاالە الاالله دەکات ، هەروەکو چۆن کەسێك لە دیندا شت دابهێنێت کە خوای گەورە رێگای پێنەدابێت ئەوا مانای محمد رسول الله ی جێبەجێ نەکردووە،خوای گەورە دەفەرمێت:**(وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُوراً)[19]

**واتە /چی کردەوەی باشیان کردبوو هەموومان کرد بەتۆزی بڵاوبوو بە تاڵمان کردەوە کە ئەم کردەوانە کردەوەی کەسێکە کە لەسەر هاوبەش بڕیار دان بۆ خوای گەورە مردبێت بە هەمان شێوە کردەوەی داهێنراوەکان کەخوای گەورەی رێگای پێنەداوە لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێت بە تۆزی بڵاوە بوو چونکە نەگونجاوە لەگەڵ بەرنامە پاککراوە کەی ،هەروەکو چۆن پێغەمبەر ( e ) دەفەرمێت** (من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد) متفق على صحته .

**واتە /هەرکەسێك لە دینی ئێمەدا شتێکی تازە دابهێنێت کە لە بنچینەی دینەکە نەبێت ئەوا ئەی وەرناگیریت و رەت دەکرێتەوە سەری .**

---

[19] الفرقان /٢٣

وە ئەم ئافرەتە نوسەرەیش داوای فریا کەوتن و پاڕانەوەکەی ئاراستەی پێغەمبەر ( e ) کردووە لە پەروەردگاری هەموو جیهان کە سەرکەوتن و زیان و سود تەنها بەدەست ئەوەو هیچ شتێك بەدەستی جگەلەو نیە ،

کە گومانی تێدا نیە ئەمە ستەمی گەورەیەو هاوبەش بڕیاردانی خراپە ، وە خوای گەورە داکۆکی لەسەر ئەوە کردووە

کە دوعا لەوبکرێت و پەیمانیشی داوە کە هەر کەسێك لێی بپاڕێتەوە ئەوا وەڵامی دەداتەوە ،وە هەڕەشەی کردووە بە کردنە ناو ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە لوت بەرزن و لە خوا ناپاڕێنەوە هەروەکو دەفەرمێت: (وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ)[٢٠]

واتە: پەروەدگارتان فەرمویەتی لەمن بپاڕێنەوە ئەوا وەڵامتان دەدەمەوە ، وە ئەو کەسانەی خۆیان بە گەورە دەزانن لە پاڕانەوە لەمن و لێم ناپاڕێنەوە ئەوانە دەچنە دۆزەخەوە بەسەر شۆڕی و ڕیسوایی و بچوك کراوەیی و بێ ڕێزی. وەئەم ئایە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پاڕانەوە پەرستنە، وەئەوەی

---

[٢٠] غافر ٦٠

خۆی بەگـەورە بـزانێت لـە ئاسـتی دا ئـەوا شـوێنی دۆزەخـە، کەئەگـەر ئەمـە حاڵـی کەسـێك بـێت خـۆی بەگـەورە بـزانێت و نەپاڕێتەوە لـە خوای گەورە ئەی ئیتر ئەبێت حاڵی کەسێك چۆن بـێت کـە پـشت لـە خـوا بکـات و لـە جگـە لـە خـوای گـەورە بپاڕێتەوە. کە خوای گەورە نزیکە لە دروستکراوەکانی و وەڵام دەرەوەیـەو خاوەنـی هەمـوو شـتێکەو تـواناو دەسـەڵاتی بەسـەر هەمـوو شـتێکدا هەیـە هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرمـێت:( وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ)[٢١]

واتـە: ئـەی محمـد ( e ) ئەگـەر بەندەکانـی مـن پرسـیاری منـیان کرد لـێت ئـەوا مـن لـێیان نـزیکم بـە بیسـتن و بینین و زانیاری و ویـــست و دەســـەڵات وە وەڵامــی بانگـــەواز و پاڕانـــەوەی ئـــەو کەسـانە دەدەمـەوە کـە لـەمن دەپاڕێـنەوە بـا ئەوانـیش وەڵامـی بانگـەوازو فەرمانـی مـن بدەنەوەو باوەڕم پـێ بهێنن بەڵکو دەچنە سەر ڕێگای ڕاستی.

وە پێغەمـــبەریش ( e ) لـــە فەرمـــودەی ڕاســـت دا پێمانـــی ڕاگەیانـدووە کـە پاڕانـەوە پەرسـتنە وە بـە عـبداللەی کـوڕی

(٢١) البقرة ١٨٦

**عباسی ئامۆزای –خوایان لیٚ ڕازی بێت– دەفەرمێت:** (احفظ الله يحفظك أحفظ الله تجده تجاهك اذا سألت فَسْأل الله واذا استعنت فأستعن بالله) أخرجة الترمذي و غيره

**واتە: دینی خوای گەورە بپارێزە خوای گەورە دەتپارێزێت، دینی خوای گەورە بپارێزە ئەوا خوای گەورە دەبینیتەوە ڕووەو خۆت کەفریات دەکەوێت، وەئەگەر داوات کرد ئەوا هەر داوا لە خوای گەورە بکە بەتەنها وەئەگەر پشتت بەست تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستە.**

**وە دەفەرمێت:** (من مات وهو يدعوا لله ندا دخل النار) رواة البخاري

**واتە: هەرکەسێك بمرێت و باوەڕی وابێت خوای گەورە هاوشێوەی هەیە و لێی بپاڕێتەوە ئەوا دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە.**

وفي الصحيحين عن النبي (ﷺ) انه سئل اي الذنب اعظم قال: (ان تجعل لله ندا وهو خلقك)

**واتە: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) چی تاوانێك لە هەموو تاوانەکان گەورەترە؟**

**فەرمووی: هاوشێوە بۆ خوای گەورە دابنێیت و وەکو خوا بیپەرستیت لەکاتێکدا کە خوای گەورە تۆی دروست کردووە.**

**وه هەموو کەسێك کە بپاڕێتەوە لە جگە لە خوای گەورە یاخود داوای فریاکەوتنیان لێ بکات یاخود پەیمانیان بداتێ یاخود ئاژەڵیان بۆ سەرببڕێت یاخود شتێك لە پەرستنیان بۆ جێبەجێ بکات جگە لەوانەی پێشوو ئەوا کردویانێتی بە هاوشێوە بۆ خوای گەورە ئیتر جیاوازی نییە ئایا پێغەمبەر بن یاخود پیاو چاك بن یاخود فریشتەبن یاخود جنی بن یاخود بت بن یاخود جگە لەمانە لەدروست کراوەکان.**

**بەڵام داواکردن لە کەسێکی زیندووی ئامادە لە شتێکدا کە توانای هەبێت بەسەریداو پشتی پی ببەستێت لە ئیش و کارە هەست پێ کراوەکاندا کە توانای هەبێت بەسەریدا ئەوە هاوبەش بڕیار دان نییە، بەڵکو شتێکی ئاسایی و دروستە لە نێوان موسڵماناندا هەروەکو چۆن خوای گەورە لە چیرۆکی موسی–علیه الصلاة و السلام– دەفەرمێت:** ﴿ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ﴾[٢٢]

**واتە: ئەوەی کە لە کۆمەڵی خۆی بوو داوای فریاکەوتنی کرد لە موسی –علیه الصلاة و السلام–بەسەر دوژمنەکەیدا وە**

---

[٢٢] القصص ١٥

**هەروەکو چۆن خوای گەورە لە چیرۆکی موسی** –علیه الصلاة و السلام– **دەفەرمێت:**( فَخَرَجَ مِنْهَا خَائِفاً يَتَرَقَّبُ)[٢٣]

**واتە: موسی** –علیه الصلاة و السلام–**لە شارەکە دەرچوو دەترساو چاودێری گەیشتن و گرتنی دەکرد لە ستەم کاران.**

**وە هەوەکو چۆن مرۆڤ لە جەنگ و جگە لە جەنگ لە و ئیش و کارانەی کە تووشی خەڵی دەبێت داوای فریاکەوتن دەکات لە هاوڕێ کانی وە پێویستیان بەپشت بەستن هەیە بەیەکتری وە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەر (e) کە بەخەڵکی ڕابگەیەنێت کە ئەو موڵکی سودو زیان گەیاندنی بەهیچ کەسێك ن‌ی‌یە، هەروەکو لە سورەتی جن دەفەرمێت:**(قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلا أُشْرِكُ بِهِ أَحَداً قُلْ إِنِّي لا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرّاً وَلا رَشَداً)[٢٤]

و**اتە/ئەی محمد (e) بە بێ باوەڕان بڵێ من تەنها لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە وە هیچ کەس ناکەم بە هاوبەشی و جگە لەو لە کەسی تر ناپاڕێمەوە ،وە پێیان بڵێ من تواناى زیان و سود پێ گەیاندنی ئێوەم بەدەست ن‌ی‌یە و تەنها سودو زیان بەدەستی خوای گەورە یە.**

---

[٢٣] القصص ٢١

[٢٤] الجن ٢٠-٢١

وه لەسورەتی الاعرافدا دەفەرمێت:(قُلْ لا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلا ضَرّاً إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ)[٢٥]

واتە ئەی محمد ( e ) بەبیٚ باوەڕان بڵیٚ من سود و زیانی خۆم بەدەستی خۆم نیيە و تەنها بە دەستی پەروەردگار ە مەگەر خوای گەورە ویستی لیٚ بێت،وە ئەگەر من زانیاری غەیبم بزانیایە ئەوا ئیشی خێرو باشەم زۆر دەکرد و نەمدەهێشت هیچ کاتێك توشی خراپە ببم،بەڵام من هیچ شتێك نیم تەنها ترسێنەرو موژدە دەرنەبێت بۆ کەسانێك کە باوەڕداربن .وە ئايەتی تر لەم مانایانە زۆرە کە پێغەمبەر ( e ) ناپاڕایەوە تەنها لە پەروەردگارەکەی نەبێت وە داوای فریاکەوتنی ناکرد تەنها لە ئەو نەبێت ،وە لەشەڕی بەدردا داوای فریاکەوتن و سەرکەوتنی دەکرد لە خوای گەورە و زۆر دوبارەی دەکردەوە وە دەیفەرموو : ئەی پەروەردگار ئەوپەیمانەی کە پێمت دابوو بۆم جیٚبەجیٚ بکە هەتا راستگۆی گەورە ابوبکر(خوای لیٚ رازی بێت)پیٚی فەرموو بەستە ئەی پێغەمبەری خوا ( e ) خوای گەورە ئەو پەیمانەی کە پێتی داوە بۆت جیٚبەجیٚ دەکات

---

[٢٥] الاعراف/١٨٨

**خــواى گــەورەيش لــەم بارەيــەوە ئــەم ئايەتانــەى دابەزانــدە خوارەوە.**

(إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُمْ بِأَلْفٍ مِنَ الْمَلائِكَةِ مُرْدِفِينَ وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ
وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)(٢٦)

**واتە /لە شەڕى بەدردا كاتێك كە ئێوە داواى فرياكەوتنتان كرد لە پەروەردگارتان ،وە ئەويش وەلأمتانى دايەوە كەوا من بە تاكيدى پشتيوانيتان دەكەم بە هەزار فريشتەى يەك بە دواى يەك،وە خواى گەورە ئەم يارمەتى دانەى نەدا تەنها وەكو مۆژدەى سەركەوتن نەبێت بەسەر دوژمناندا وە بۆ دڵ ئارامىتان ،وەسەركەوتن نىيە تەنها لەلايەن خواى گەورەوە نەبێت بەڕاستى خواى گەورە بالأدەست و كاربەجێيە.**

**خواى گەورە لەم ئايەتەدا يادى فرياكەوتنەكەيان دەخاتەوەوە وە پێمان ڕادەگەيەنێت كە وەلأميانى دايەوە بەوەى يارمەتيانى دا بەهۆى فريشتەوە ،پاشان خواى گەورە روونى دەكاتەوە كە سەركەوتن لە لايەن فريشتەوە نىيە بەڵكو بەهۆى ئەوانەوە يارمەتى موسڵمانانىدا بۆ مۆژدەدانى سەركەوتنيان و دڵ**

---

(٢٦) الانفال/٩-١٠

ئارامی‌یان،وە ڕوونی کردەوە کە سەرکەوتن لە لایەن خوای گەورەوەیەو فەرمووی (وما النصر الا من عند الله) واتە سەرکەوتن نی‌یە تەنها لە لایەن خوای گەورەوە نەبێت.وە لە سورەتی ال عمران دەفەرمێت:(وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ)(٢٧)

واتە–خوای گەورە بە تاكیدی ئێوەی سەرخست بەسەر كافرەكاندا لە شەری بەدردا كە هەرچەندە ئێوە لاواز بوون بەهۆی كەمیتانەوە دەی كەواتە لە خوابترسن بەڵكو سوپاسی خوای گەورە بكەن.

وە لەم ئایەتەدا ڕوونی كردەوە كە خوای گەورە سەرخەریان بوو لەشەری بەدردا وەبەمە زانرا كە ئەوەی پێیانی‌دا لە چەك و هێزو یارمەتی‌دانیان بە فریشتە هەمووی لە هۆكارەكانی سەركەوتن و موژدەدان و دڵ ئارامی بووە و سەركەوتن لەمانەوە نەبووە. بەڵكو تەنها لەلایەن خوای گەورە وە بووە ،ئیتر چۆن دروستە بۆ ئەم ئافرەتە نوسەرە یاخود جگە لەم كە ڕووی داوای فریاكەوتن و داوای سەركەوتنی بكاتە پێغەمبەر (e) وە پشت بكات لە پەروەردگاری هەموو جیهان و خاوەنی

(٢٧) ال عمران

هەموو شت و باڵادەست بەسەر هەموو شتێکدا ؟ گومانی تێدا نی‌یە کە ئەمە ناشرینترین نەزانی‌یە بەڵکو لە گەورەترین هاوبەش بڕیاردانە بۆیە پێویستە لەسەر ئافرەتە نوسەرەکە تۆبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە تۆبەیەکی(نصوح)ئەویش بە پەشیمان بوونەوە لەوەی کە لێوەی رووی داوە و وازهێنان لێی و ویستی هەبێت لەسەر ئەوەی کە جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەری لەبەر بەگەورە زانینی خوای گەورە و دڵسۆزی بۆی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و ئاگادارکردنەوە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردووە ،ئەمە تۆبەی (نصوح)ە وە ئەگەر مافی دروست کراوەکانی لەسەر بێت ئەوا لە تۆبە کردندا مەرجی چوارەم هەیە کە بریتی‌یە لە گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی یاخود گەردنی خۆی پێئازاد بکات ،وە خوای گەورە فەرمانی کردووە بەبەندەکانی بە تۆبەکردن وە پەیمانی پێداون کە لێیان وەردەگرێت هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:(وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)[٢٨] واتە–ئەی باوەڕداران ئێوە هەمووتان تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە بەڵکو سەرکەوتوو سەرفراز دەبن.

---

[٢٨] النور/٣١

**وه لەحەقی گاورەکاندا دەفەرمێت:**(أَفَلا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)[٢٩]

**واتە-ئایا بۆ تۆبە ناکەن و ناگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و داوای لێخۆشبوونی لیٚناکەن کە خوای گەورە لێخوشبوو بەبەزەییە.**

**وه دەفەرمێت:**(وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَحِيماً)[٣٠]

**واتە-وه لە سیفاتەکانی تری بەندەکانی خوای گەورە (عباد الرحمن)ئەوەیە کە لەگەڵ خوای گەورەدا لە هیچ خوایەکی تر ناپاڕێنەوە ،وە ئەو نەفسەی خوای گەورە قەدەغەی کردووە بکوژرێت نایکوژن تەنها بە حەقی خۆی نەبێت(ئەگەر موسڵمانێکی بە ناحەق کوشت،یاخود لە پاش زەواجێکی شەرعی زینای کرد یاخود لە دین هەڵگەڕایەوە ئەوا دەکوژرێتەوە )وە زینا ناکەن،وە هەر کەسێك ئەم تاوانانە ئەنجام بدات ئەوا توشی تاوان دەبێت ولە ڕۆژی قیامەتیشدا**

---

(٢٩) المائدة/٧٤

(٣٠) الفرقان/٦٨-٧٠

سزاکەی بۆ چەند جارێك دووبارە دەکرێتەوە و بەسەرشۆڕی تێیدا دەمێنێتەوە ،تەنها کەسێك نەبێت کە تۆبە بکات و باوەڕبهێنێت و کردەوەی چاك بکات ئەوانە خوای گەورە خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بۆ چاکە وە خوای گەورە لێخۆشبوو بەبەزەییە.

وە دەفەرمێت:(وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُو عَنِ السَّيِّئَاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ)[٣١]

واتە–خوای گەورە ئەو خوایەیە کە تۆبە وەردەگرێت لە بەندەکانی وە لە تاوانەکانیان دەبورێت وە چ کردەوەیەك دەکەن ئاگای لێیە و دەیزانێت.

وە بەڕاستی لە پێغەمبەرەوە (e) هاتووە کە فەرمویەتی : (الاسلام يهدم ما كان قبله والتوبة تجب ما كان قبلها)

واتە–ئیسلام ئەوەی پێش خۆی دەروخێنێت و نایهێڵێت (واتە ئەگەر کەسێك موسڵمان بێت ئەوا تاوانەکانی پێشتری دەسڕێتەوە)وە تۆبەکردنیش تاوانەکانی پێشتر ناهێڵێت و دەسڕێتەوە وە لەبەر ترسناکی هاوبەش بڕیاردان وە لەبەرئەوەی گەورەترین تاوانە وە لەترسی هەڵخەڵەتاندنی

---

[٣١] الشوری/٢٥

خەڵکی بەوەی کە ئەم ئافرەتە نوسەرە نوسیویێتی وە لەبەر پێویستێتی ئامۆژگاری کردن بۆ خوای گەورەو بەندەکانی ئەم چەند ووتە کورتەم دەربڕی ،وە داواکارم لە خوای گەورە کە سودی پێبگەیەنێت و حاڵی خۆمان و موسڵمانان بە گشتی چاك بكات وە تێگەیشتن لە دین و دامەزراوی لە سەریمان پێببەخشێت بە گشتی وە ئێمەو موسڵمانان بپارێزێت لە خراپەی نەفس و کردەوە تاوانەکانمان .انه ولي ذلك والقادر عليه وصلى الله وسلم وبارك على عبده ورسوله نبينا محمد واله وصحبه.

## بسم الله الرحمن الرحيم

### نامەی دووەم

لە (عبدالعزیز بن عبدالله بن باز)ەوە بۆ ئەوانەی کە ئەیبینن لە موسڵمانان خوای گەورە من و ئەوانیش سەرکەوتوو بکات بۆ دەست گرتن بە ئاینەکەیەوە و دامەزراوی لە سەری امین.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

لە پاشاندا هەندێ لە برایان پرسیاریان لێم کرد دەربارەی ئەوەی کە هەندێ لە نەزانان ئەیکەن لە پاڕانەوە لە جگە لە خوای گەورە و داوای فریاکەوتن لێیان لە کاتی تەنگانەو

گرنگی‌دا وەکو پاڕانەوە لە جنی و داوای فریاکەوتن لێیان و پەیمان دان پێیان و سەربڕین بۆیان و هاوشێوەی ئەمانە ،لەمانە وەکو قسەی هەندێکیان کە دەڵێن(ئەی حەوت بیبەن)مەبەستیان پێ‌ی حەوت لە سەرکردەی جنی‌یەکانە .دەڵێن ئەی حەوتەکە وای لێ‌بکەن ئێسکی بشکێنن و خوێنی بخۆن و بیانشێوێنن ،وە هەروەها لەم جۆرە قسانەیان هەندێکیان دەڵێن : (ئەی جنی نیوەڕۆ بیبەن ئەی جنی عەسر)وە ئەم قسانە زۆرە لە هەندێ لایەکانی باشور.وە ئەوەی پاشکۆی ئەم نیشانەیەیە ،پاڕانەوە لە مردووەکان لە پێغەمبەران و پیاوچاکان‌و جگە لەوان وەپاڕانەوە لە فریشتەکان‌و داوای فریاکەوتن لێ‌یان وئەمانەو هاوشێوەی ئەمانە هەموو روو دەدەن لە زۆر لەو کەسانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام بە نەزانین و لاسایی کردنەوەی ئەوانەی پێش خۆی ،وە لەوانەیە هەندێکیان ئەم شتە ئاسان بکەن و بڵێن ئەمە شتێکە بەسەر زماندا دێت و مەبەستمان نی‌یەو باوەڕمان پێ‌ی نی‌یە،هەروەها پرسیاری لێم کردووە دەربارەی ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ناسراون بەم شتانە هەروەها دەربارەی سەربڕاوی دەستیان و نوێژکردن لە سەریان لەپاش مردنیان وە نوێژکردن لە دوایانەوە ،وە دەربارەی

بەڕاست دانانی جادوگەران و فاڵچیان و باوەڕپێکردنیان وەکو ئــەوەی کــە یەکــێك بانگەشــەی زانینــی نەخۆشــییەکەو هۆکارەکانی دەکات تەنها بەوەی کە سەیری شتێك بکات کە بەسەر لاشەی نەخۆشەکەوە بێت وەکو جەمەدانی و شەرواڵ و لەچك و هاوشێوەی ئەمانە .

وەلأم :الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لانبي بعده وعلى اله وصحبه ومن اهتدى بهم الى يوم الدين

لەپاشاندا خوای گەورە پەری و مرۆڤی دروست کرد تا بەتاك و تەنها بیپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن و تایبەتی بکەن بە پاڕانــەوە لیَــی و داوای فــریاکەوتن لیَی‌ــو ســەربڕین بۆی‌ــو پــەیمان دان پیَوجیَبەجیَکردنــی هەمــوو جۆرەکانــی تــری پەرستن،وە خــوای گــەورە پێغەمبەرانــی نــاردووە بــەم شــتەوە فرمانـــی پێـــیان کـــردووە،بـــەم پەرســـتنانە ،وە پەرتـــوکە ئاسمانیەکانی دابەزاندووە کە لە هەموویان گەورەتر قورئانی پیرۆزە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم پەرستنانە و بانگەوازکردن بۆ لایــان و ئاگادارکــردنەوەی خەڵکــی لــە هاوبــەش بــڕیاردان بــۆ خوای گەورە و پەرستنی جگە لە خوای گەورە ، کە ئەمەیش بنچینەی بنچینەکانەو بناغەی نەتەوەو دینی ئیسلامە،وەمانای شایەتی دانە بە لااله الا الله چونکە ماناکەی بریتییە لەوەی کە

هیچ پەرستراوێکی حەق نیيه كه شايەنی پەرستن بێت جگه له خوای گەورە كه نەفی خوايەتی دەكات -كه پەرستنە-لەجگه له خوای گەورەو پەرستن جێگیر دەكات بەتاك و تەنها بۆ خوای گەورە جگه له خوای گەورە له هەموو دروست كراوەكان.

وه بەڵگـه لەسـەر ئـەم شـتـه زۆرە لـه قـورئان و سـوننەتی پێغەمبەرەكەی ( e ) لەوانه خوای گەورە دەفەرمێت:(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)[٣٢]

واتـه مـن پـەری و ئادەمیـزادم دروسـت نەكـردووه تـەنها بـۆئەوه نەبێت كه بەتاكو تەنها من بپەرستن و هاوبەشم بۆ بڕيارنەدەن .

وه دەفەرمێت:(وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ) [٣٣]

واتـه-پـەروەردگارت بـڕياری داوه كـه هـیچ كەسـێك نەپەرسـتن تەنها ئەو نەبێت.

وه دەفەرمێت: (وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ)[٣٤]

---

[٣٢] الذاريات/٥٦
[٣٣] الاسراء/٢٣
[٣٤] البينة/٥

**واتە–فەرمانیان پێنەکرابوو تەنها بە پەرستنی خوای گەورە نەبێت بە دڵسۆزییەوە لە پەرستندا وە بەلادان لە هەموو دینەکانی تر بۆ دینی ئیسلام.**

**وە دەفەرمێت:** (وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ)[٣٥]

**واتە–پەروەردگارتان فەرموویەتی بە تەنها لە من بپاڕێنەوە ئەوا من وەڵامتان دەدەمەوە وە ئەو کەسانەی کە خۆیان بەگەورە دەزانن لە ئاست پاڕانەوە لە من ئەوانە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە بەسەر شۆڕی و ڕیسوایی.**

**وە دەفەرمێت:**(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ)[٣٦]

**واتە–ئەی محمد (e) ئەگەر بەندەکانی من پرسیاری منیان لێت کرد ئەوا من نزیکم لێیانەوە بە بینین و بیستن و زانیاری و دەسەلات وە وەڵامی پاڕانەوەی خەڵکی دەدەمەوە ئەگەر لە من بپاڕێنەوە.**

**خوای گەورە لەم ئایەتانەدا ڕوونی کردەوە کەوا پەری و مرۆڤی بۆ پەرستنی خۆی دروست کردووە وە فەرمانی کردووە**

---

[٣٥] غافر/٦٠

[٣٦] البقرة/١٨٦

و ئامۆژگاری کردووه  که جگه لەخۆی کەسی تر نەپەرسترێت، خــوای گــەورە خــۆی فەرمانــی کــردووە بەبەندەکانــی وە ئامـۆژگاری کـردوون لـە ئایەتـە تەواوەکانـی قورئان داو لەسـەر زمانـی پێغەمبەرەکەی ( e ) کـە هـیچ کەسـی تـر نەپەرستن تەنها پەروەردگارەکەیان نەبێت وە خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کە پاڕانــەوە پەرســتنێکی گەورەیــە هەرکەســێك خــۆی بەگــەورە بـزانێت لەئاسـتیدا و بـۆ خـوای گـەورە جێبـەجێی نـەکات ئـەوا ئەچــێتە نــاو ئاگــری دۆزەخــەوە، وە فەرمانــی کــردووە بەبەندەکانـی کە بەتاك و تەنها لەو بپاڕێنەوە وە ڕای گەیاندووە کــە نــزیکە و وەڵام دەرەوەیــە و وەڵامــی پاڕانەوەکانــیان دەداتەوە،بۆیە پێویستە لەسەر هەموو بەندەکان پەروەردگاریان تایبەت بکەن بەپاڕانەوەو تەنها لەو بپاڕێنەوە چونکە جۆرێکە لەپەرستن کـە لەپێناویدا دروسـت کـراون و فەرمانیان پێکراوە پێی، خوای گەورە دەفەرمێت:

(قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)[٣٧]

واتـە: ئـەی محمـد ( e ) بەخەڵکـی بڵـێ بەڕاسـتی نـوێژ و ئـاژەڵ سـەربڕین و ژیـان و مـردنم هەمـووی بـۆ پـەروەردگاری هەمـوو

[٣٧] الانعام/١٦٢-١٦٣

جیهانه، هیچ هاوبەشێکی نییە وەمن بەم شتانە فەرمانم پێ کراوە لە لایەن پەروەردگارمەوە وە من یەکەم موسڵمانم لە ئومەتی خۆم.

خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ( e ) کردوە کە بەخەڵکی ڕابگەیەنن نوێژ کردن و ئاژەڵ سەربڕین و ژیان و مردنی بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانە وە هیچ هاوبەشی نییە، هەرکەسێك ئاژەڵ یاخود هەر شتێکی تر سەرببڕێت بۆ جگە لە خوای گەورە ئەوا هاوبەشی بۆ خوا داناوە، هەروەکو چۆن نوێژ بکات بۆ جگە لە خوای گەورە، چونکە خوای گەورە نوێژ و سەربڕینی بەیەکەوە داناوە وە ڕای گەیاندووە کە هەردووکیان بۆ خوای گەورەن بەتاك و تەنهاو هاوبەشی نییە، وە هەرکەسێك ئاژەڵ سەرببڕێت بۆ جگە لە خوای گەورە لەپەری و فریشتەو مردووەکان و جگە لەمان بەمە خۆی نزیك بکاتەوە لێیان ئەوا وەکو ئەوە وایە کە نوێژی کردبێت بۆ جگە لە خوای گەورە.

وە لە فەرموودەی صحیح دا هاتووە کە پێغەمبەر ( e ) دەفەرمێت: (لعن الله من ذبح لغير الله) .

واتە-خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە ئاژەڵ یاخود هەر شتێکی تر سەردەبڕێت بۆ جگە لە خوای گەورە

و اخرج الإمام أحمد بسند حسن عن طارق بن شهاب –رضي الله عنه– عن النبي (e) انه قال: (مر رجلان على قوم لهم صنم لا يجوزه احد حتى يقرب له شيئا فقالوا لاحدهما قرب قال ليس عندي شيء اقرب قالوا قرب ولو ذبابا فقرب ذبابا فخلوا سبيله فدخل النار و قالوا للاخر قرب قال ماكنت لاقرب لأحد شيئا دون الله عز و جل فضربوا عنقه فدخل الجنة)

**واتە: دوو پیاو تێپەڕبوون بەسەر قەومێكدا كە بتێكیان هەبوو هیچ كەسێك لیٚی تیٚپەڕ نەدەبوو هەتا شتێكی بۆ نەكردایە بە قوربانی، بەیەكێكیانیان ووت قوربانی بۆبكە، ئەویش لە وەڵام دا ووتی هیچ شتێكم پیٚ نیٚیە تابیكەم بە قوربانی ئەوانیش پێیان ووت قوربانی بۆ بكە ئەگە مێشێكیش بێت، ئەویش مێشێكی سەربڕی بۆ بتەكەیان و كردی بە قوربانی ئەوانیش ڕێگەیان بەردا كە بڕوات بەڵام خوای گەورە كردیە ناو ئاگری دۆزخەوە.**

**بەوەی تریان ووت قوربانی بۆبكە ، ئەویش لە وەڵام دا ووتی من هیچ كاتێك بۆ هیچ كەسێك هیچ شتێكم نەكردووە بەقوربانی بۆ جگە لە خوای گەورە ئەوانیش دایان لەملی و كوشتیان بەڵام خوای گەورە كردیە بەهەشتەوە.**

کەواتە ئەگەر کەسێك خۆی نزیك بکاتەوە لە بتێك و هاوشێوەی بە مێشێك و هاوشێوەی ببێت بە هاوبەش بڕیار دەر و شایەنی ئاگری دۆزەخ بێت ئیتر چۆن بۆ کەسێك کە بپاڕێتەوە لەپەری و فریـــشتەو پـــیاو چـــاکان و داوای فـــریاکەوتنیان لێ بکـــات و پەیمانـــیان بـــداتێ و خـــۆی لێـــیان نـــزیك بکاتـــەوە بـــە ئـــاژەڵ سـەربڕین و بـە هـیوای پاراسـتنی ماڵەکـەی بـێت یاخـود چاك بـــوونەوەی نەخۆشـــەکەی یاخـــود ســـاغی ئاژەڵەکـــەی و کـشتوکاڵەکەی، یاخـود ئـەم شـتانە بکـات لـە ترسـی خـراپەی پـەری و هاوشـێوەی ئەمانـە، ئەمانـەو هاوشـێوەیان شـایەنترن و لـە پێـشترن بـەوەی کـە بـبن بـە هاوبـەش بـڕیاردەر وبـچنە نـاو ئاگری دۆزەخـەوە لـەو پیاوەی کە مێشێکی کرد بە قوربانی بۆ بتەکە،وەلـەو ئایەتانـەی کـە لـەم بارەیـەوە هاتـون خـوای گـەورە دەفەرمێت:(إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ أَلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ) (٣٨)

(٣٨) الزمر/٢-٣

واتە–خوای گەورە بپەرستە بەتاك و تەنها و بەدڵسۆزی و نیەت پاکی لە دیندا،ئایا خوای گەورە دینی پاك و دڵسۆزی بۆ ئیە لە خراپی هاوبەش بڕیاردان،وە ئەوانەی کە خەڵکی لە جگە لە خوای گەورە کردویانن بە خوا و دەیانپەرستن ئەگەر پرسیاریان لێ بکەین بۆچی دەیانپەرستن ئەوا لە وەڵامدا دەڵێن نایانپەرستین تەنها بۆ ئەوە نەبێت کەلە خوای گەورە مان نزیك بکەنەوە ،خوای گەورە خۆی لە ڕۆژی دوایی دا بڕیاردەدات لە نێوانی موسڵمانان و هاوبەش بڕیار دەران لەو شتەی کە تێیدا جیاوازن کە بریتیە لە یەکخواپەرستی و هاوبەش بڕیاردان،وە بەڕاستی خوای گەورە ڕێنمایی کەسانێك ناکات کە زۆر درۆزن و کافرین.

وە دەفەرمێت:(وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ)[٣٩]

واتە: هاوبەش بریاردەران لە جگە لە خوای گەورە کەسانێك دەپەرستن کە نە زیانیان پێ دەگەیەنن نەسوود وە ئەڵێن ئەمانە تکاکارمانن لای خوای گەورە و تکامان بۆ دەکەن، تۆ

---

[٣٩] یونس /١٨

ئەی محمد ( e ) پێیان بڵێ ئایا ئێوە هەواڵی هاوبەش بڕیاردان بە خوای گەورە دەدەن کە خوای گەورە خۆی نازانێت لە ئاسمانەکان و زەویدا هاوبەشی هەبێت، پاك و بێ گەردی و بەرزی بۆ خوای گەورە لەو هاوبەشانەی کە بۆ خوای گەورەی بڕیاردەدەن.

خوای گەورە لەم دوو ئایەتەدا پێمان ڕادەگەیەنێت کە هاوبەش بڕیاردەران جگە لە خوای گەورە پشت و پەنا و خوایان بۆ خۆیان داناوە لە دروست کراوەکاندا لەگەڵ خوای گەورەدا دەیانپەرستن بە پاڕانەوە لێیان و ترسان لێیان و بەهیوابوون پێیان و سەربڕین بۆیان و پەیمان دان پێیان و هاوشێوەی ئەم پەرستنانە، بەقسەی خۆیان ئەم خوایانە هەرکەس بیان پەرستێت لە خوای گەورەی نزیك دەکەنەوە و تکایان بۆ دەکەن لەلای خوای گەورە، وە خوای گەورە بە درۆیان دەخاتەوە و بەتاڵی یەکەیان ڕوون دەکاتەوە و ناویان دەنێت بە درۆزن و کافر و هاوبەش بڕیاردەر، وە نەفسی پیرۆزی خۆی پاك ڕادەگرێت لەو هاوبەش بڕیاردانەی ئەوان کە دەفەرمێت: ( شرکون) بەم شتە زانراوە کە هەرکەسێك فریشتەیەك یان پێغەمبەرێك یاخود پەری یەك یاخود دارێك دابنێت و لەگەڵ خوای گەورەدا لێی بپاڕێتەوەو

**داوای فریاکەوتنی لیبکات و خۆی لێ نزیك بکاتەوە بەپەیمان دان پێی و سەربڕین بۆی بەو هیوایەی کە تکای بۆبکات لای خوای گەورەو لە خوای گەورەی نزیك بکاتەوە یاخود بەهیوای چارەسەری نەخۆشیێك یاخود پاراستنی ماڵ و سامان یاخود پارێزراوی کەسێکی نا ئامادە یاخود هاوشێوەی ئەمانە، ئەوا بە تأکیدی کەوتۆتە ناو ئەو هاوبەش بڕیاردانە گەورەیە و ئەو بەڵا خراپە کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرمێت:** (ان الله لايغفر ان يشرك به ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء، ومن يشرك بالله فقج افترى اثما عظيما)[٤٠]

**واتە: بەڕاستی خوای گەورە لەکەسێك خۆش نابێت کە هاوبەشی بۆ بڕیار بدات وەلە هاوبەش بڕیاردان کەمتر و خوارتر خوای گەورە خۆش دەبێت لەکەسێك کە ویستی لێ بێت، وە هەرکەسێك هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیاربدات ئەوا بە تأکیدی تاوانێکی زۆر گەورەی هەڵبەستوە هەروەها دەفەرمێت:**( إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ)[٤١]

---

(٤٠) النساء /٤٨
(٤١) المائدة/٧٢

واتــە: بەتأكـیدی هــەر كەسـێك هاوبــەش بـۆ خـوای گــەورە بـڕیاربدات ئـەوا خـوای گـەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەكات و شـوێنی ئـەو ئاگـری دۆزەخـە، وەسـتەمكاران كـە هاوبەشیان بـۆ خـوا بـڕیار داوە هـیچ كەسـێك پـشتیوانیان ناكـات و ناتوانـێت رزگاریان بكات.

وە تكاكـــردن ڕوودەدات لـــە ڕۆژی قـــیامەتدا بـــۆ خەڵكـــی یەكخواپەرسـت و نیەت پاك نـەك بـۆ خەڵكی هاوبـەش بڕیاردەر هەروەكـو چـۆن پێغەمـبەر (e) كاتـێك پرسـیاری لێ كـرا كـێ بەختەوەرتـرین كەسـە بەتكاكردنەكەت؟ فەرمووی: (من قال لا الـه الا الله خالصا من قلبة)

واتـە: هەركەسـێك كـە بڵـێت لا الــە الا الله بـە دڵـسۆزی و نـیەت پاكی‌یەوە لە دڵی‌یەوە.

هـەروەها فەرموویەتـی: (لكـل نـبي دعـوة مـستجابة فـتعجل كـل نبي دعـوته و انــا اختـبأت دعـوتي شفاعة لأمتي يوم القيامة فهي نائلة ان شاء الله من مات من امتي لايشرك بالله شيئا)

واتـە: هەمـوو پێغەمـبەرێك (علـيهم الـصلاة و الـسلام) دوعایەكـی وەرگـیراوو وەڵامـدراوی هەبـوە وە هەمـوو پێغەمـبەرێك (علـيهم الـصلاة و الـسلام) پاڕانەوەكـەی خـۆی پـێش خـست بـەڵام مـن پاڕانەوەكەم دواخست و شاردمەوە بەتكاكردن بۆ ئۆمەتەكەم لە

ڕۆژی دوایــی کــه ان ٭ اء الله هەمــوو کەســێك دەگــرێتەوه لــه ئومەتەکەم که هیچ هاوبەشێکی بۆ خوای گەوره بڕیارنەدابێت.

وه هاوبــەش بــڕیاردەره ســەرەتاکان باوەڕیــان بــەوه هەبــوو کــه خــوای گــەوره پــەوەردگار و دروســت کــەرو ڕۆزی دەریانــه بــەڵام خــۆیان پەیوەســت کــردبوو بــه پێغەمــبەران و پیاوچــاکان و فریــشتەکان و دار و بــەردەکان و هاوشــێوەی ئەمانــه بەهــیوای تکاکردنیان بوون لـه لای خـوای گـەوره و نـزیك کردنەوەیان لـه خوای گـەوره هەروەکو چۆن لەئایەتەکانی پێشتردا باس کـرا، وه خــوای گــەوره بیانویانــی وەرنەگــرت و پێغەمــبەریش ( e ) بیانویانی وەرنەگرت بەڵکو خوای گەوره بەرهەڵستی کردن له قورئانه پیرۆزەکەیدا وه ناویانی نـا بـه کافر و هاوبـەش بـڕیار دەرو وه بـه درۆیانـی خستەوه لـه قسەکەیاندا که دەیانووت ئەم خــوایانه تکامــان بــۆ دەکــەن و لــه خــوای گــەورەمان نــزیك دەکەونـەوه،وه پێغەمبەر ( e ) لەسـەر ئـەم هاوبـەش بـڕیار دانـه کوشتاریانی کـرد تـا بەدڵسۆزیەوه تەنها خوای گەوره بپەرستن وەکـو جێبەجێکردنـی فەرمانـی خـوای گـەوره کـه دەفەرمـێت :(وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ)[٤٢]

---

[٤٢] الانفال/٣٩

واتە /کوشتیاری کافرو هاوبەش بڕیاردەران بکەن تاهاوبەش بڕیاردان بلاْونەبێتەوە و دین و خواپەرستی هەمووی تەنها بۆ خوای گەورە بێت.

وە پێغەمبەر (e) فەرمویەتی : (امرت ان اقاتل الناس حتى يشهدوا ان لااله الا الله ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة فأذا فعلوا ذلك عصموا منى دماؤهم واموالهم الا بحق الاسلام وحسابهم على الله)

واتە/لەلایەنی خوای گەورەوە فەرمانم پێکراوە کە کوشتاری خەڵکی بکەم هەتا شایەتی دەدەن بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی حەق نی‌یە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە وە محمد (e) پێغەمبەرو نێردراوی خوایە بۆ گوێڕایەڵی کردن ، وەنوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئەگەر ئەم شتانەیان کرد ئەوا خوێن و ماڵیان لە من پارێزراودەبێت تەنها بە مافی ئیسلام نەبێت (ئەگەر موسڵمانێك بکوژێت یاخود لە پاش زەواجێکی شەرعی زینا بکات یاخود لە دین هەڵگەڕێتەوە ئەوا مافی ئیسلامە کە بیکوژێت)وە حسابیان لە لای خوای گەورە یە

وەمانای فەرمودەکەی پێغەمبەر (e) کە دەفەرمێت: (حتى يشهدوا ان لا اله الاالله)

واتە-هەتا خوای گەورە تایبەت بکەن بەپەرستن و جگە لەو کەسی تر نەپەرستن وەهاوبەش بڕیاردەران لە پەری دەترسان

**و پەنایان بەوان دەگرت خوای گەورە لەم بارەیەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند:(وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِنَ الْإِنْسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا)[٤٣]**

**واتە/پیاوانێك لە مرۆڤ پەنایان دەگرت بە پیاوانێك لە پەری ئەمانیش زیاتر دەیانیانترساند زانایانی تەفسیر دەربارەی (فزادوهم رهقا)دەفەرمون واتە زیاتر ترسیان دەخستە دڵیانەوە چونكە پەری خۆی لا گەورەدەبێت و خۆی بەگەورە دەزانێت كاتێك بینی كە مرۆڤ پەنایان پێ دەگرن. ئەوانیش دەیانترسێنن تا زیاتر بیانپەرستن و پەنایان بۆ بەرن.**

**بەڵام خوای گەورە لە جیاتی ئەمە پەنا گرتنی بەخۆی و ووشە تەواوەكانی بۆ موسڵمانان دانا ، وەلەم بارەیەوە دەفەرمێت:(وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)[٤٤]**

**واتە–ئەگەر شەیتان وەسوەسەو گومانی خراپی بۆت دروست كرد ئەوا پەنابگرە بە خوای گەورە چونكە بەڕاستی خوای گەورە بیسەرەو زانایە**

---

[٤٣] الجن/٦

[٤٤] الاعراف/٢٠٠

وه دەفەرمێت:(قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ)[٤٥]

واتــە–ئــەی محمــد (e) بڵــێ پــەنا ئەگــرم بــە پــەروەردگاری بەرەبەیانیان

وه دەفەرمێت: (قل اعوذ برب الناس)[٤٦]

واتـە–ئـەی د (e) بڵـێ پـەنا ئەگرم بە پەروەردگاری هەموو خەڵکــی وه بــەصـــحیحی لــە پێغەمــبەرەوە (e) هاتــوە کــە فەرمویەتـی: (من نزل منزلا فقال اعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق لم يضره شيء حتى يرتحل من منزله ذلك)

واتـە–هـەر کەسێك لـە هـەر شـوێنێك لایـداو دابـەزی و مایـەوه ئەگــەر بڵــێت پــەنا ئەگــرم بــە ووشــە تەواوەکانــی خــوای گـەوره(قورئان) لەشـەڕ و خـراپەی ئـەوەی کـە دروسـتی کـردوه ئەوا هیچ شتێك زیانی پێناگەیەنێت هەتا لەو شوێنە دەڕوات وەلـەو ئایەت و فەرموودانەی پێشتر داواکەری رزگاری و ئەوەی دەیـەوێت پارێـزگاری بکـات لـە ئایـنەکەی و پارێـزراو بـێت لـە هاوبــەش بــڕیاردان بــەووردو درشــتیەوە دەزانــێتو بــۆی دەرکەوت کە خۆ پەیوەست کردن بەمردووەکان و فریشتەکان و پەری–یەکان و جگـە لەمانـە لەدروسـت کـراوەکان و پاڕانـەوە

---

[٤٥] الفلق/١

[٤٦] الناس/١

لێیان‌و داوای پەناگرتن لێیان و هاوشێوەی ئەمانە لەکردەوەی خەڵکی سەردەمی نەفامی هاوبەش بڕیاردەرانە، وە لەناشرینترین هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە، بۆیە پێویستە لەسەرمان وازی لێبهێنین و ئاگاداری بین لە خۆمان و ئامۆژگاری خەڵکی بکەین بە وازهێنان لێی و بەرهەڵستی کردنی ئەوانەی کە دەیکەن ،وە هەرکەسێك لە ناو خەڵکیدا بەم کردەوە هاوبەش بڕیاردانە ناسرابێت ئەوا دروست نی‌یە ژن و ژنخوازی لەگەڵ بکرێت و سەربڕاوی دەستی بخورێت و کە مرد نوێژی لەسەربکرێت،یاخود نوێژ لە پشتی‌یەوە بکرێت هەتا ئەو کاتەی کە تۆبە کردنی خۆی لەم شتانە ئاشکرادەکات و بەدڵسۆزی‌یەوە لە خوا دەپاڕێتەوە بەتەنها و هەر ئەو دەپەرستێت، وە پاڕانەوە پەرستنە بەڵکو کاکڵەو ناوەڕۆکی پەرستنە هەروەکو پێغەمبەر ( e ) دەفەرمێت: (الدعاء هو العبادة) واتە: پاڕانەوە لە خوا بریتی‌یە لە پەرستنی خوای گەورە وە لەقسەیەکی تردا (الدعاء مخ العبادة) ، واتە: پاڕانەوە کاکڵەو ناوەڕۆکی پەرستنە.

خوای گەورە دەفەرمێت: (وَلا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلَأَمَةٌ مُؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُولَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى

النَّارِ وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ(٤٧)

واتە: ئەی باوەڕداران ئافرەتی هاوبەش بڕیاردەر مەخوازن هەتا باوەڕ دێنن وە ئافرەتێکی بەندەی باوەڕدار باشترە لە ئافرەتێکی ئازادی هاوبەش بڕیاردەر هەرچەندە ئەگەر سەرسامی بن لە جوانی و ماڵ و پلەو پایەدا، وە ئافرەتانی باوەڕدار مەدەن بەهاوبەش بڕیاردەر هەتا باوەڕ دەهێنن ، وە بەندەیەکی باوەڕدار باشترە لە هاوبەش بڕیاردەرێکی ئازاد هەرچەندە پێی سەرسام بن چونکە ئەوانە (هاوبەش بڕیاردەران) بانگەوازی ماڵ و منداڵیان دەکەن بۆ دۆزەخ، وە خوای گەورە بانگەواز دەکات بۆ بەهەشت و لێخۆشبوونی خۆی بە ویست و ڕیگا پێدانی خۆی، وە ئایەتەکانی خۆی بۆخەڵکی ڕوون دەکاتەوە بەڵکو یاد بکەنەوە.

وە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لە موسڵمانان کە ئافرەتانی هاوبەش بڕیاردەر بخوازن لەوانەی کەبت و پەری و فریشتە و جگە لەمانە دەپەرستن هەتا باوەڕدەهێنن بە دڵسۆزی پەرستن بۆ خوای گەورە بەتاك و تەنها وە بەڕاست دانانی پێغەمبەر

(٤٧) البقرة ٢٢١

( e ) لەو شتانەی کە هێناویێتی وەشوێن کەوتنی ڕێگاو بەرنامەکەی، وەقەدەغەی کردوە کە ئافرەتانی موسڵمان بدرێن بەپیاوانی هاوبەش بڕیاردەر هەتا باوەڕ دەهێنن بەدڵسۆزی پەرستن بۆ خوای گەورە بەتاك و تەنها و بەڕاست دانان و باوەڕکردن بە پێغەمبەر ( e ) وە شوێنی کەوتنی، وە خوای گەورە پێمانی ڕاگەیاندوە کە ئافرەتێکی بەندەی باوەڕدار باشترە لە ئافرەتێکی ئازادی هاوبەش بڕیاردەر هەرچەندە هەر کەسێك تەماشای بکات و گوێی لەقسەکردنی بێ سەرسامی جوانی و قسەباشی بێت وە بەندەیەکی باوەڕدار باشترە لە هاوبەش بڕیاردەرێکی ئازاد هەرچەندە بیسەر و بینەرەکەی سەرسامی جوانی و زمان پاراوی و ئازایەتی و جگە لەمانەبێت پاشان هۆی ئەم ووتە درێژە ڕوون دەکاتەوە کە دەفەرمێت: (اولـئك يدعـون الى النار) مەبەستی بەمە پیاو و ئافرەتانی هاوبەش بڕیاردەرە چونکە ئەوان بانگەواز کەری دۆزەخن بە ووتەو کردەوەو ژیان و ڕەوشتیان، بەڵام پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار بانگەواز کەری بەهەشتن بەڕەوشت و کردەوەو ژیانیان ئیتر چۆن ئەوانەو ئەمانە یەکسان دەبن.

**خوای گەورە دەربارەی دوو ڕووەکان دەفەرمێت:** ﴿وَلا تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَداً وَلا تَقُمْ عَلَى قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ﴾(٤٨)

**واتە: ئەی محمد ( e ) هیچ کاتێك هەتا هەتایە نوێژ مەکە لەسەر ئەو دوو ڕووانە کە دەمرن وەلەسەر گۆڕەکەیشیان ڕامەوەستەو بۆیان مەپاڕێرەوە لە خوای گەورە چونکە ئەوان بەڕاستی کافر و بێباوەڕبوون بە خواو پێغەمبەرەکەی ( e ) وە بەفاسقی و لە ڕێ دەرچوویی مردوون.**

**خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕوونی کردەوە کە مرۆڤی دوو ڕوو کافر نوێژیان لەسەر ناکرێت لە پاش مردنیان بەهۆی کافر بوونیان بەخواو پێغەمبەرەکەی ( e ) ، هەروەها نوێژیشیان لە دواوە ناکرێت و ناکرێن بە پێشەوا بۆ موسڵمانان بەهۆی کوفر و ناپاکی و دوژمنایەتی گەورە لە نێوان ئەوان و موسڵماناندا ، هەروەها چونکە ئەوان خاوەنی نوێژ و پەرستن نین چونکە کوفرو هاوبەش بڕیاردان هیچ کرەوەیەك لەگەڵیاندا نامێنێت و هەمووی بەتاڵ دەبێتەوە، داوای پارێزراوی لە خوای گەورە دەکەین لەم شتە ، خوای گەورە دەربارەی حەرامی**

---
(٤٨) التوبة -٨٤

مــرداره‌وه‌بوو و ســه‌ربڕاوی ده‌ســتی هاوبــه‌ش بــڕیارده‌ران ده‌فه‌رمێت:(وَلا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ)[٤٩]

واتـه: ئه‌ی موسڵمانان ئه‌و سه‌ربڕاوانه مه‌خۆن كه ناوی خوای لێ نه‌هێنـراوه له‌كاتـی سـه‌ربڕیندا چـونكه خواردنـیان له‌فـه‌رمان ده‌رچـوونی خـوای گه‌وره‌یـه‌، وه شـه‌یتانه‌كان گـومان و قـسه ده‌نێرن بۆ هاوپه‌یمانه‌كانیان تا ده‌مه‌قاڵێ و گفتو گۆتان له‌گه‌ڵ دا بكـه‌ن وه‌ئه‌گـه‌ر ئێوه گوێڕایه‌ڵی ئه‌وان بكه‌ن له حه‌ڵاڵ كردنی حـه‌رام دا ئـه‌وا ئـێوه‌یش به‌بـێ گـومان هاوبـه‌ش بـڕیارده‌رن بـۆ خوای گه‌وره.

خـوای گـه‌وره قه‌ده‌غـه‌ی كـردووه لـه موسـڵمانان لـه خواردنـی مـرداره‌وه‌بوو و سـه‌ربڕاوی ده‌ستی هاوبـه‌ش بـڕیارده‌ر چـونكه پیـسه‌و سـه‌ربڕاوه‌كه‌ی ده‌سـتی حوكمـی مـرداره‌وه‌بووی هه‌یـه هه‌رچـه‌نده ئه‌گـه‌ر ناوی خوایشی له‌سه‌ر هێنابێت، چونكه ناوی خـوا هێـنان له‌وانـه‌وه به‌تاڵـه‌و هـیچ شـوێنه‌واریكی نی‌یه‌چـونكه پـه‌رسـتنه‌و هاوبـه‌ش بـڕیاردانیش پـه‌رسـتن بـه‌تاڵ ده‌كاتـه‌وه و

(٤٩) الانعام-١٢١

نایهێڵــێت هــەتا هاوبــەش بــڕیاردەرەکە تــۆبە دەکــات و دەگەڕێــتەوە لای خــوای گــەورە ،وە خــوای گــەورە ســەربڕاوی دەســتی جـولەکەو گاورەکانـی حـەلاڵ کـردووە کـە دەفەرمـێت:

(و طعام الذین اوتوا الکتاب حل لکم و طعامکم حل لهم)[٥٠]

واتــە–ســەربڕاوی دەســتی جــولەکەو گاورەکــان بــۆ ئــێوەی موسڵمان حەلاڵـەو هـی ئێوەیش بۆ ئـەوان حەلاڵە.چونکە ئەوان خۆیان دەدەنە پاڵ ئاینێکی ئاسمانی و بە قسەی خۆیان دەڵێن ئێمە شوێن کەوتووی (موسی و عیسی )ین (علیهماالصلاة و السلام )هەرچەندە لەم شتەدا درۆ ئەکەن وە خوای گەورە بە تاکیدی ئاینەکانیانی سڕیوەتەوە و بەتاڵی کردوەتەوە بەناردنی محمد (e) بـۆ هەمـوو خەڵکـی بـە تێکـڕا بـەلاّم خـوای گـەورە سـەر بـڕاوی دەسـتی گـاورو جـولەکە و خواسـتنی ئافرەتەکانیانـی بــۆمان حــەلاّل کــردوە لەبــەر دانایــی یەکــی زۆر و نهێنیەکیچاودێری کـراو کـە زانایـان روونـیان کـردوەتەوە بـە پێــچەوانەی هاوبــەش بــڕیاردەران لــە بــت پەرســتان و مــردو پەرستان لە پێغە مبەران و پیاو چاکەکان و جگە لەمان چونکە ئاینـی ئـەمان هـیچ بنـچینەیەکی نییـە و گومانـی تـیدا نییـە

---

[٥٠] المائدة/٥

بەڵکو لەبنچینەوە بەتاڵە بۆیە سەربڕاوی دەستیان وەکو مردارەوە بوو وایە و حەلاڵ نىیە خواردنی .
بەلاَم ووتەی هەندێ خەڵکی کە بە بەرامبەرەکەی دەڵێت (پەری دەستی لێت وەشاندوە )(پەری بردوتێتی)(شەیتان هەڵی فڕاندوە )و هاو شێوەی ئەمانە ،ئەمانە دەچێتە بواریجوێن و قسەی ناشرینەوە و دروست نیىە لە نێوان موسڵماناناندا وەکو هەموو جۆرەکانی تری جوێن دان و قسەی ناشرین کردن و ناچێتە بواری هاوبەش بڕیار دانەوە . مەگەر ئەوەی وادەڵێت باوەڕی وابێت پەری هەڵسوکەوت دەکەن لەناو خەڵکیدا بەبێ ڕێگە پێدان ویستی خوای گەورە ،ئەوا هەرکەسێك ئەم بیروباوەڕەی هەبێت لە پەری و جگە لەمان لە دروست کراوەکان ئەوا کافرە بە هۆی ئەم بیروباوەڕەوە،چونکە خوای گەورە خاوەنی هەموو شتێکە و دەسەلاَتدارە بەسەر هەموو شتێکدا و هەرئەو سوود پێگەیەنەرو زیان پێگەیەنەرە و هیچ شتێك بەبێ ویست و تواناو ڕێگەپێدان و بڕیاری پێشوی ئەو نابێت هەروەکو خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر ( e ) دەکات کە ئەم بنچینە گەورەیە بە خەڵکی ڕابگەیەنێت دەفەرمێت:(قُلْ لا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلا ضَرّاً إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ

لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ)(٥١)

**واتە-ئەی محمد (e) بە خەڵكی بڵێ من توانای سود و زیان گەیاندنم نی‌یە بۆ نەفسی خۆم مەگەر خوا ویستی لێبێت،وەئەگەر من زانیاری غەیبم بزانیایە ئەوا ئیشی چاكەو خێرم زۆر دەكردو هیچ كاتێك توشی خراپە نەدەبووم،بەڵام من توانای ئەم شتانەم نی‌یە تەنها من ترسێنەرو موژدە دەرم بۆ كەسانێك كە باوەڕبهێنن.**

**باشە ئەگەر گەورەی هەموو دروست كراوەكان وباشترینیان محمد (e) موڵكی سود وزیانی نەبێت بۆ نەفسی خۆی مەگەر بەویستی خوا نەبێت ئەی ئیتر چۆن جگە لەو لە دروست كراوەكان توانای سودو زیان پێ‌گەیاندنیان هەیە؟،وە ئایەتی تر لەم مانایەوە زۆرن.**

**بەڵام پرسیار كردن لە هەواڵدەرانی غەیب و فاڵچی و جادوگەر و ئەستێرەناسان و هاوشێوەی ئەمانە كە دەڵێ هەواڵ لەغەیبەوە وەردەگرێت ئەمە ئیشێكی خراپە و دروست نی‌یە،وە باوەڕكردن پێیان سەخت ترو خراپترە بەڵكو لقێكی**

(٥١) الاعراف/١٨٨

**کوفره چونکه پێغەمبەر ( e ) دەفەرمێت:** (من اتی عرافاً فسأله عن شیء لم تقبل له صلاة اربعین یوما) رواه مسلم فی صحیحه.

**واته-هەرکەسێك بچێتە لای فاڵچی‌یەك و پرسیاری لێ‌بکات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی لێ‌وەرناگیرێت** وفي صحيحه ايضا عن معاويه بن الحكم السلمي رضي الله عنه ان النبي ( e ) نهى عن اتيان الكهان وسؤالهم.

**واتە-پێغەمبەر ( e ) قەدەغەی چونە لای فاڵچی و پرسیارکردنی کردوه لێیان** واخرج اهل السنن عن النبی ( e ) انه قال : (من اتی کاهنا فصدقه بما یقول فقد کفر بما انزل علی محمد ( e ).

**واتە-هەرکەسێك بچێتە لای فاڵچی‌یەك و باوەڕی پێ‌بکات لەو قسانەی کە دەیکات ئەوا بە تأکیدی کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیوە بۆ سەر محمد ( e ) وە فەرمودەی تر لەمانە زۆرن.**

**بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان ئاگاداربن لە پرسیارکردن لە فاڵچی و هەواڵ دەرانی غەیب و هەموو جادوگەرانی سەرقاڵ بە هەواڵ دان لە شتی نادیارو سەرلێشێواندنی خەڵکی ئیتر بەناوی چارەسەر و جگە لەمەوە بێت ،بەهۆی ئەو**

قەدەغەكـردنانەی پێغەمـبەر ( e ) لـەم شـتـەو ئاگاداركـردنەوەی لیٚی .

هــەروەها ئـەو شـتـانەیش دەگـرێتەوە كـە هەنـدێ لـە خەڵكـی بـەناوی چارەسـەركردنەوە بانگەشـەی چـەند شـتێكی غـەیب و نادیـار دەكـەن كاتـێك بۆنـی جەمەدانـی و لەچـك و چـەفیەی نەخۆشـەكە دەكەن یاخود هاوشێوەی ئەمانە ،پاشان دەڵێت ئەم نەخۆشـە ئـەو ئیـشەی كـردووەو ئـەم كـارەی كـردوە لـە شـتی نادیـار كـە لەبـۆن كردنـی جەمەدانـی نەخۆشـەكەو هاوشـێوەی هیچ بەڵگـەی تێدا نیـیە لەسـەر ئەو شتە ،بەڵكو مەبەست لەمە تـەنها هەڵخەڵەتانـدن و سەرلێـشێواندنی خەڵكـی نەزانـە هـەتا بڵــێن چارەســەرەكە دەزانــێت و جۆرەكانــی نەخۆشــیو هۆكارەكانـی دەزانێت،وە لەوانەیـە هەنـدێ دەرمانـیان بداتـێ و ڕێـك بكـەوێت لەگـەڵ شـیفاكەیدا بەقـەدەری خـوا ئەوانـیش وا گومان دەبـەن كـە شیفاكە بەهۆی دەرمانەكەی ئەوەوە بووە ،وە لەوانەیــە نەخۆشــیيەكە بەهــۆی هەنــدێ لــە پــەری و شـەیتانەكانەوە بـێت كـەوا خزمەتـی ئـەو فاڵـچیيە ئەكـەن و هەنـدێ شـتی نادیـاری پیٚئەڵـێن كـە ئـەمان بینـیویانە ئـەویش پـشت بـەم شـتە دەبەسـتێت و پەری و شەیتانەكان ڕازی دەكات بـەوەی كـە گـونجاو بـێت بـۆیان لـە پەرسـتن ئەوانیش واز لـەو

نەخۆشـە دێـنن و واز لـەو ئازارانـە دێـنن کـە پێـشتر داویانـە و توشـی ئـەو نەخۆشەیان کردووە،کە ئەمەیش شتێکی زانراوە لە پـەری و شـەیتانەکان و ئەوانـەی کـە بـۆ ئـەم ئیشانە بـەکاریان دێنن.

بـۆیە پێویـستە لەسـەر موسـڵمانان ئاگـاداری ئـەم شـتە بـبن وئامـۆژگاری یـەکتر بکـەن بەوازهێـنان لێـی و پـشت بەسـتن بـە خـوای گـەورە و تەوەکـول کـردنە سـەری لـە هەمـوو ئـیش و کارێکدا،وە دروسـتە مـرۆڤ دوعـای شـەرعی و دەرمانـی حەڵاڵ و چارەسـەری لای پزیـشك بەکاربهێـنن کـە پزیـشکەکان پـشکنین بەکاردەهێـــنن لەســـەر نەخۆشـــەکە و داکۆکیکـــردن لـــە نەخۆشـییەکەی و هـۆکارە هەسـت پێکـراوەکان و ماقـوڵەکان ،وە بەصـحیحی لـە پێغەمـبەرەوە هاتـووە (e) کـە فەرمویەتـی :

(ما انزل الله داء الا انزل له شفاء علمه من علمه وجهله من جهله)

واتــە–خـوای گــەورە هـیچ نەخۆشـییەکی دانەبەزانـدووە الا چارەسـەرو شیفایشی بۆ دابەزاندووە ئەوەی بیزانێت دەیزانێت و ئەوەیشی نەیزانێت نایزانێت .

وە دەفەرمێت: (لكل داء دواء فأذا اصيب دواء الداء برىء بأذن الله)

**واتـــە-هەمـــوو نەخۆشـــیەك چارەســـەری هەیـــە ،ئەگـــەر چارەسـەرەکە توشی نەخۆشیەکە ببێت ئەوا بەڕێگە پێدانی خوای گەورە چاك دەبێتەوە.**

**وە دەفەرمێت:** (عبادالله تداووا ولا تداووا بحرام)

**واتـە- ئـەی بەندەکانـی خـوا چارەسـەری خـۆتان بکـەن بـەلاّم بەحەرام نا.**

**وە فەرمـوودە لـەم مانایانەوە زۆرە داواکارین لە خوای گەورە کە حالّـی هەمـوو موسـلّمانان چـاك بکـات وشـیفای دلّ و لاشـەیان بـدات لـە هەمـوو خـراپەیەك وە کـۆیان بکاتـەوە لەسـەر هـیدایەت وە پـەنای ئـێمەو ئەوانیش بـدات لـە فیتـنە گومـڕاکەرەکان وە لە گوێرایەڵـی شـەیتان و خۆشەویـستانی،بەڕاسـتی هــەر خـوای گەورە تواناو دەسەلاّتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.**

ولا حول ولا قوة الا بـالله العلي العظيم وصلى الله وسلم وبارك على عبده ورسوله نبينا محمد واله وصحبه.

بسم الله الرحمن الرحيم

## نامەی سێیەم

**لە** عبدالعزيز بن عبدالله بن باز **بۆ برای بەرێز(..............)خوای گەورە سەرکەوتوت بکات بۆ هەموو چاکەیەك ئامین**

سلام عليكم ورحمة الله و بركاتة.

**لەپاشاندا : نامە بەڕێزەکەتان بەدەستم گەیشت خوای گەورە بتان گەیەنێت بە هیدایەتی خۆی وە ئەوەی لە خۆ گرتبوو کە لە وولاتەکەتاندا خەڵکانێك هەن کە پەیوەستن بەچەند ویرد و یادێکەوە کە خوای گەورە هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردۆتە خوارەوە ، وە هەندێکیان داهێنراون و هەندێکی تریشیان**

هاوبەش بڕیاردانن، ئەم شتانەیش دەدەنە پاڵ پێشەوای موسڵمانان علي بن ابی طالب (رضي الله عنه) وەجگە لەو وە ئەو ویرد و یادکردنەوانە دەخوێنن لە دانیشتنی یاددا یاخود لە مزگەوتدا لەپاش نوێژی ئێواران بەقسەی خۆیان نزیکیان دەکاتەوە لە خوای گەورە کە دەڵێن : بۆ خاتری خوا پیاوانی خوا یارمەتیمان بدەن بەپشتیوانی خوا وە ببن بە پاڵ پشتمان، وە دەڵێن ئەی قوتبەکان ئەی دامەزراوان ئەی گەورەکان وەڵامان بدەنەوە ئەی خاوەن یارمەتیەکان لە ئێمەدا، وە تکا بکەن لەبەر خوا ئەوە بەندەکەتانە ڕاوەستاوە لەبەر دەرگاکەتاندا ماوەتەوە، وە لەکەمتەرخەمی‌یەکان دەترسێت، فریامان کەوە ئەی پێغەمبەری خوا جگە لەتۆ کەسی ترمان نی‌یە بچین بۆ لای ، وە لە ئێوە داواکاریەکانمان دەست دەکەوێت ، وە ئێوە باشترین خەڵکی خوان بۆ خاتری حەمزەی گەورەی شەهیدەکان وە ئەوانەی لە ئێوە کە بۆ ئێمە یارمەتین فریامان کەوە ئەی پێغەمبەری خواو کە دەڵێت خوایە سەڵاوات بدە لەسەر ئەو کەسەی کە کردوتە بەهۆی لەت کردنی نهێنی‌یە گەورەکانتو دەرچوونی ڕووناکی‌یە سۆزاویەکانت کە بووە بە جێگیر لە جیاتی گەورەی پەروەردگاریتیو جێنیشینی نهێنی‌یە خۆیی‌یەکانت.

**که ویستوتانه لەم قسانه ئەوەی داهێنراوه وەئەوەی هاوبەش بڕیاردانه بۆتانی لێك جیابکەمەوه و ڕوونی بکەمەوه، وه ئایا پێشەوایەك بپاڕێتەوه بەم پاڕانانەوه دروسته نوێژی لە دواوه بکرێت یان نا؟ که هەموو ئەم شتانه زانرا ئەمه وەڵامەکەیەتی:**

الحمد لله وحده و الصلاة و السلام على من لا نبي بعده وعلى اله وصحبه ومن أهتدى بهداه الى يوم الدين، لەپاشاندا :

**بزانه خوای گەوره سەرکەوتووت بکات بەڕاستی خوای گەوره دروست کراوەکانی دروست کردووەو پێغەمبەرەکانی ناردووه** (عليهم الصلاة و السلام) **بەتەنها بۆ ئەوەی خوای گەوره بپەرستن وه هاوبەشی بۆ بڕیارنەدەن وه جگه لە خوای گەوره کەسی تر نەپەرستن هەروەکو خوای گەوره دەفەرمێت:** ( وما خلقت الجن و الانس الا ليعبدون)[٥٢]

**واته: من پەری و مرۆڤم دروست نەکردووه تەنها بۆ ئەوه نەبێت که من بپەرستن بەتاك و تەنهاو هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەن.**

**پەرستنیش بریتیيه لە گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی ( e ) بە جێبەجێ کردنی ئەوەی که خواو پێغەمبەرەکەی ( e )**

---

[٥٢] الذاريات -٥٦

فەرمانــیان پــێ کــردووە وە وازهێــنان لــەوەی کــە خــواو پێغەمبەرەکەی ( e ) قەدەغەیان کردووە لەگەڵ باوەڕهێنان بە خواو پێغەمبەرەکەی ( e ) وە نیەت پاکی بۆ خوای گەورە لە کردەوەکاندا لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشەویستی بۆ خوای گەورەو تەواویتی مل کەچی بەتەنها بۆ ئەو هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت: (وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ)[٥٣]

واتە: پەروەردگارت فەرمانی داوەو ئامۆژگاری کردویت کەکەس نەپەرستیت جگە لەو بەتاك و تەنها، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرمێت: (الحمد لله رب العالمين ،الرحمن الرحيم، مالك يوم الدين،اياك نعبد و اياك نستعين)[٥٤]

واتە: حەمد و سوپاس بۆ خوای پەروەدگاری هەموو جیهان، کە خوایەکی بەسۆز و رەحم و بەزەیی-یە ، خاوەنی ڕۆژی سزایە، بەتاك و تەنها هەرتۆ دەپەرستین جگە لەتۆ کەسی تر ناپەرستین، وە بەتاك و تەنها پشت بە تۆ دەبەستین و پشت بەجگە لە تۆ نابەستین.

لەم ئایەتانەدا خوای گەورە ڕوونی کردەوە کە هەر خۆی بەتەنها شایەنی ئەوەیە کە بپەرسترێت و پشتی پێ ببەسترێت،

---

[٥٣] الاسراء -٢٣

[٥٤] الفاتحة ٢-٥

**هەروەكو دەفەرمێت:**(فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ أَلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِص)[٥٥]

**واتە: بە دڵسۆزی ونیەت پاكیـیەوە لە دین دا خوای گەورە بپەرستن بەتەنها، ئایا دینی پاك و یەكخوا پەرستی دوور لەهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە نیـیە؟ وە دەفەرمێت:**
(فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ ولو كره الكافرون)[٥٦]

**واتە: ئەی موسڵمانان ئێوە خوا بپەرستن و بپاڕێنەوە لە خوا بە دڵسۆزیەوە لە پەرستندا باكافرانیش پێیان ناخۆش بێت وە دەفەرمێت:**(وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلا تَدْعُو مَعَ اللَّهِ أَحَداً)[٥٧]

**واتە: مزگەوت و شوێنی كڕنوش بردن موڵكی خوایە ، بۆیە لەگەڵ خوای گەورەدا هیچ كەسێكی تر مەپەرستن.**

**وە ئایەتی تر لەم مانایانە زۆرن وە هەموویان بەڵگەن لەسەر پێویستێتی بەتاك زانینی خوای گەورە لەپەرستندا ، وە زانراویشە كە پاڕانەوە بەهەموو جۆرەكانیـیەوە پەرستنە، بۆیە دروست نیـیە بۆ هیچ كەسێك لەخەڵكی بپاڕێنەوە تەنها لە خوای گەورە نەبێت، وە پشت نەبەستن و داوای فریاكەوتن**

---

[٥٥] الزمر ٢-٣
[٥٦] غافر ١٤
[٥٧] الجن-١٨

**نەکەن تەنها لە خوای گەورە نەبێت وەکو ئیش کردنێك بەم ئایەتە پیرۆزانەو ئەوەی لەماناکانیاندا هاتووە ئەمە جگە لەشتە ئاسایی و هۆکارە هەست پێ کراوەکان کە مرۆڤێکی زیندوی ئامادە توانای بەسەریدا هەبێت، ئەمە پەرستن نییە بەڵکو دروستە بەدەقی ئایەت و فەرمودەو یەکدەنگی زانایان کە مرۆڤ پشت ببەستێت بە مرۆڤێکی زیندوی بە دەسەڵات لە ئیش و کارە سادەو ئاساییەکاندا کەوا توانای بەسەریدا هەبێت ،وەکو ئەوەی کە پشتی پێببەستێت یاخود داوای فریاکەوتنی لێبکات ،لەلادانی خراپەی منداڵەکەی یاخود خزمەت کارەکەی یاخود سەگەکەی و هاوشێوەی ئەمانە،وە وەکو ئەوەی کە مرۆڤ پشت ببەستێت بە مرۆڤێکی زیندوی ئامادەی بە دەسەڵات، یاخود نائامادە بەهۆی هۆکارە هەستییەکان وەکو نامە نوسین و رێکەوتن و هاوشێوەی ئەمانە لە دروست کردنی خانوەکەی یاخود چاك کردنی ئۆتۆمبیلەکەی و هاوشێوەی ئەمانە،وە لەم بارەیەوە خوای گەورە لە چیرۆکی موسى (علیه الصلاة والسلام)دەفەرمێت:**(فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ)[58]

---

[58] القصص/١٥

واتــه:ئـهوهی لـه كـۆمهڵ و عهشـیرهتهكهی موسـی(علـیه الـصلاة والسلام)بوو داوای فریاكهوتنی لێكرد بهسهر دوژمنهكهیدا .

هــهروهها لــه هاوشـێوهی ئهمــه داوای فریاكهوتنــی مــرۆڤ لــه هاوهڵهكانـی بـۆ جـیهاد كـردن و جـهنگ و هاوشـێوهی ئهمانــه ،بهڵام داوای فریاكهوتن له مردووهكان و پهری و فریشته و دارو بــهرد ئهمانـــه هاوبـــهش بڕیاردانـــی گهورهیـــه و هاوشـــێوهی كردهوهی هاوبهش بڕیاردهره سهرهتاكانه لهگهڵ خوایهكانیان وهكو(العزي واللات)وجگه لهمانه ،ههروهها داوای فریاكهوتن و داوای یارمهتی كردن لهو كهسانهی كهوا دهزانرێت كه وهلی و پیاو باشن لهناو زیندووهكاندا بهڵام له شتێكدا كه جگهله خوای گـــهوره كهســـی تـــر تـــواناو دهســـهڵاتی تێـــیدا نیـــیه وهك چاككردنهوهی نهخۆش و هیدایهت دانی دڵ و چونه بهههشت و رزگاربـــوون لـــه دۆزهخ وهاوشـــێوهی ئهمانـــه،وه ئایهتهكانـــی پێشتر و ئهوهی لهمانایاندا بێت له ئایهت و فهرمودهكانی تر ههموو بهڵگهن لهسهر پێویستێتی ئاراسته كردنی دڵهكان بۆ لای خوای گهوره له ههموو ئیش و كارێكدا و خوای گهوره به تاك و تهنها و دڵسۆزی یهوه بپهرسترێت ،چونكه بهندهكان بۆ ئـهم شــته دروســت كــراون وبهمـــهیش فهرمانـــیان پێكــراوه ههروهكو چۆن له ئایهتهكانی پێشودا باس كرا،ههروهها لهم

**ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرمێت:** (وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً)[٥٩]

**واتە–بەتاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیارمەدەن.**

**وە دەفەرمێت:**(وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ)[٦٠]

**واتە /فەرمانیان پێ‌نەکرابوو تەنها بەوە نەبێت کە بەتاك وتەنها خوای گەورە بپەرستن بەنیەت پاکی و دڵسۆزی وەهاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن .**

**وە فەرمووودەی پێغەمبەر ( e ) لە** معاذەوە **(خوای لێ رازی بێت) کە دەفەرمێت:**

(حق الله على العباد ان يعبدوه ولا يشركوا به شيئا )متفق على صحته

**واتە/مافی خوای گەورە بەسەر بەندەکانی‌یەوە ئەوەیە کە بەتاك و تەنها بیپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن .**

**وە لە فەرموودەی ابن مسعود (خوای لێ‌رازی بێت ) پێغەمبەر ( e ) فەرمویەتی:**

(من مات وهو يدعو لله ندا دخل النار) رواه البخاري .

---

[٥٩] النساء/٣٦

[٦٠] البينة/٥

**واتـه/هەرکەسـێك بمـرێت و لـه ژیانـیدا هاوشـێوەی بـۆ خـوای گەورە دانابێت و لەگەڵ خوای گەورە دا لیٚی پاڕابێتەوە ئەوا دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە .**

**وەلەفەرمـوودەی (ابـن عـباس) (خـوایان لیٚ رازی بـێت ) لـە صـحیحین کاتـێك پێغەمـبەر ( e ) ئذ (خـوای لیٚ رازی بـێت ) دەنێرێت بۆ یەمەن پیٚی دەڵێت .**

(انـك تاتی قـوما مـن اهـل كـتاب فلیكن اول ماتدعوهم الیه شهادة ان لاالـه الا الله)وفـی لفـظ (فـادعهم الی ان یـشهدوا ان لاالـه الا لله وانی رسول الله) وفی روایة للبخاری (فادعهم الی ان یوحدو الله)

**واتـه/ئـەی معـاذ تۆدەچـێتە ناوگەلـێك کـە خاوەنـی پەرتوکـی ئاسمـانین (گـاورن) بـا یەکـەم شـت کـە تـۆبانگەوازیان دەکـەیت بـۆلای شـایەتی دانـی لاالـــةالاالله بـێت ولـــە وتەیەکـی تـردا :بانگـەوازیان بکـە تـا شایەتی دەدەن** بة لا الة الا الله و محمد رسول الله **وە لەڕیوایەتـی بـوخاریدا :بانگـەوازیان بکـە تابـەتاك و تـەنها یەك خوا پەرستی دەکەن .**

وفی صحیح مسلم عن طارق بن اشیم الاشجعي رضي الله عنه ان النبي ( e ) قال :

(مـن وحـد الله وكفـر بمـا یعبد من دون الله حرم ماله ودمه وحسابه علی الله عزوجل)

واتــە–هەرکەسـێك بـەتاك و تـەنها خـوای گـەورە بپەرسـتێت و کوفـر بکـات بـەو پەرسـتراوانەی کـە جگـە لـە خـوای گـەورە دەپەرسترێن ئەوا ماڵ و خوێنـی پارێـزراو دەبێت وحسابی لـە لای خوای گەورە یە.

وە فەرمودەی تری لەم بابەتە زۆرە.

وە ئەم یەکخواپەرستییە بنچینەی ئاینی ئیسلامە وە بناغەی نەتـەوەی ئیسلام ئەم یەکخوا پەرستیە بووە وە سەری ئاینی ئیـسلامە وە گـرنگترین فەرزەکانـە ،وەحـیکمەت لـە دروسـت کردنـی پـەری و مرۆڤ،وە حیکمت بوە لەناردنـی پێغەمبەران بە تێکـرا(علیهم الـصلاة والـسلام) هەروەکـو چۆن لـە پێـشتردا ئـەو ئایەتانـەی کـە بەڵگەبوون لەسـەر ئـەم شـتە باسکران ،وە لەوانـە خوای گەورە دەفەرمێت: (وما خلقت الجن والانس الا لیعبدون)[٦١]

واتـە–من پەرییومرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بەتاك و تـەنها مـن بپەرستن.هەروەها بەڵگەی تر لە سەر ئەم شـتە خـوای گـەورە دەفەرمـێت:(وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ)[٦٢]

---

[٦١] الذاریات/٥٦

[٦٢] النحل/٣٦

**واتــە-بــە تأكــيدی ئــێمە بــۆ هــەر كۆمەڵــێك لەخەڵكــی پێغەمبەرێكمان ناردووە تا بەخەڵكی بڵێن بە تاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن و خۆتان دوربخەنەوە لە تاغوت)**

**هـەروەها دەفەرمێت:** (وما ارسلنا من قبلك من رسول الا نوحي اليه انه لا اله الا انا فاعبدون)(٦٣)

**واتــە-لەپــێش تــۆدا ئــەی محمــد (e) هــیچ پێغەمــبەرێكمان نەناردووە الا نیگامان بۆ ناردووە كە هیچ پەرستراوێكی تری حـەق نیـیە كـە شـایانی پەرسـتن بـێت تـەنها مـن نەبـێت دەی كەواتە ئێوە تەنها من بپەرستن.**

**وە خـوای گـەورە دەربـارەی نـوح و هـودو** صـالح **و شـعیب**(علـيهم الـصلاة والـسلام)**دەفەرمـێت: كـە ئـەوان بـە نەتەوەكانـی خـۆیان ووتوە :** (أعبدوا الله مالكم من اله غيره)(٦٤)

**واتـە-ئـەی خەڵكی ئێوە بە تاك و تـەنها خـوای گەورە بپەرستن چـونكە جگـە لـەو هـیچ پەرسـتراوێكی تـری حەقـتان نیـیە كـە شایانی پەرستن بێت.**

**ئەمـە بانگـەوازی پێغەمـبەرەكان بـووە بەگـشتی** (علـيهم الـصلاة والـسلام) **هـەروەك چۆن ئـەو دوو ئایـەتەی پێشووتر بەڵگە بوون**

---

(٦٣) الانبياء/٢٥

(٦٤) الاعراف/٥٩

لەسـەری ،وە دوژمنانـی پێغەمـبەران (علـیهم الـصلاة والـسلام) دانـیان بـەوەدا نـاوە کـە پێغەمـبەران (علـیهم الـصلاة و الـسلام ) فەرمانـیان پێـیان کـردووە بەبـە تـاك زانینـی خـوای گـەورە لـە پەرستندا و کردنەوەو فڕێ دانی هەموو خواپەرستراوەکانی تر جگە لـە خـوای گـەورە هەروەکو خـوای گـەورە لە چیرۆکی (عاد) دا دەفەرمـێت: کـە ئـەوان بـە (هـود) یـان ووتـوە -علـیە الـصلاة و السلام-:(أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا)[٦٥]

واتـە: ئـەی هـود -علیە الصلاة و السلام- تۆ بۆ ئەوە هاتوویت بۆ لای ئێمە تـا بـەتاك و تـەنها خـوای گـەورە بپەرستین و واز بێنین لـەو خـوایانەی کە باوك و باپیرانمان دەیانیان پەرست وە خـوای گـەورە دەربـارەی قورەیش دەفەرمـێت: کاتـێك کـە پێغەمـبەرمان محمـد (e) بانگیانـی کـرد بـۆ بـەتاك ڕاگرتنـی خـوای گـەورە لەپەرستندا و واز هێنان لەوپەرستراوانەی تر کە دەیان پەرستن لـە جگـە لـە خـوای گـەورە لـە فریشتەکان و پیاوچاکان و بتەکان و دارو بـەردەکان و جگـە لـەمانـە ئـەوان ووتـیان: (أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهاً وَاحِداً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ)[٦٦]

---

[٦٥] الاعراف -٧٠

[٦٦] ص-٥

واتـه: ئایا محمد (e) ئـەو هەمـوو خـوایانەی کـردووه بەیـەك خـواو داوای پەرستنی تـەنها خوایەك لـه ئێمە دەكات بەڕاستی ئەمـه شـتێكی زۆر سـەیرو سەرسـوڕهێنەره وه خـوای گـەوره لـه سـورەتی (الـصافات) دا دەربارەیـان دەفەرمێت: (إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ وَيَقُولُونَ أَإِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ)[٦٧]

واتـه: بێباوەڕان كاتێك پێیان بوتـرایە بڵێن لا الـه الا الله ئـەوان خـۆیان بەگـەوره دەزانـی لەووتنـی ئـەم ووشـەیەدا و نـەیان دەووت، وه دەیـان ووت ئایا ئێمه واز لـه خـوایەكانمان بهێنین لەبەر قسەی هۆنەرێكی شێت.

وه ئایەتـی تـر لـەم مانایـه زۆره، وه ئـەوەی كـەباسمان كـرد لـه ئایـەت و فەرمـووده بـۆت ڕوون بـوەوه –خـوای گـەوره یارمەتـی مـن و تـۆیش بـدات بۆتێگەیشتن لە دینەكەی و زانیاری لە مافی پـەروەدگاری هەمـوو جیهاندا– كە ئـەم پاڕانانـەوه و جۆرەكانـی داوای فـریاكەوتن كـه لـه پرسـیارەكەتدا ڕوونـت كـردبۆوه هەموویان لـه جۆرەكانـی هاوبـەش بڕیاردانـی گـەورەن چـونكه پەرستنه بۆ جگە لە خوای گەوره وه داواكردنه بۆ ئیشانێك كه

[٦٧] الصافات ٣٥-٣٦

جگە لـە خـوای گـەورە کەسـی تـر تـواناو دەسـەڵاتی بەسـەردا نیـیەلە مـردووان و ئامادەنەبـووان کـە ئەمـیش لـە هاوەبـەش بڕیاردانەکانـی سـەرەتاکان ناشـیرینترە چـونکە هاوبـەش بڕیاردەرانی سـەرەتا تـەنها لـە کاتـی خۆشـیدا هاوبەشـیان بـۆ خـوای گـەورە دادەنا بەڵام لە کاتی تەنگانەو سەختی دا ئەوا بە دڵـسۆزیەوە پەرسـتنی خـوای گـەورەیان دەکـرد چـونکە دەیانزانـی کـە خـوای گـەورە هەرئـەوە دەسـەڵات و تـوانای هەیـە بەسـەر رزگارکردنیان لەسـەختی و ناخۆشـی و جگـە لەو کەسـی تـر تـواناو دەسـەڵاتی نیـیە هەروەکـو چـۆن خـوای گـەورە لـە قـورئاندا دەربـارەی ئـەو هاوبـەش بـڕیاردەرانە دەفەرمـێت:(فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ)(٦٨)

واتـە: هاوبـەش بـڕیاردەران کاتـێك سـواری کەشـتیەکانیان دەبـوون لـەناو دەریادا و شەپۆلی ئاوەکە نزیك بوو بیانخنکێنێت ئـەو کاتـە بـەو پـەڕی دڵسۆزیەوە تـەنها لـە خـوا دەپاڕانەوە کە رزگاریـان بکـات و پـشتیان دەکـرد لـە خواکانـی خـۆیان، بـەڵام کاتـێك کـە خـوای گـەورە رزگاریـان دەکـات و دەیـان گـەیەنێت بە

(٦٨) العنكبوت -٦٥

ووشكانی ئەوا دەست دەكەنەوە بە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە.

وە لە ئایەتێكی تردا خوای گەورە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەكات و دەفەرمێت:(وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنْسَانُ كَفُوراً)(٦٩)

واتە: كاتێك كەتووشی سەختی و تەنگانە بوون لە ناو دەریادا ئەو خوایانەی كە پێشتر دەتانپەرستن هەموویان وون بوون و كەسیان فریاتان نەكەوتن تەنها خوای گەورە نەبێت بۆیە داواتان لە خوای گەورە كرد كە ڕزگارتان بكات بەڵام كاتێك ڕزگاری كردن و گەیانتانی بە ووشكانی ئێوە پشتتان كرد لە خوای گەورەو رووتان كردەوە خوایەكانی خۆتان ،وەمرۆڤ زۆر كافرو بەرهەڵستیكەری بەخششەكانی خوای گەورەیە.وە ئەگەر یەكێك لەو هاوبەش بڕیاردەرە دواییانە بڵێت :ئێمە مەبەستمان ئەوە نیـیە كە ئەو كەسانە خۆیان سودمان پێدەگەیەنن و چارەسەری نەخۆشەكانمان دەكەن،یاخود خۆیان سودمان پێدەگەیەنن ،بەڵكو تەنها مەبەستمان ئەوەیە كە لەلای خوای گەورە تكامان بۆ بكەن؟

---

(٦٩) الاسراء -٦٧

**وەڵام ئەوەیە کە پێی بووترێت:**

**ئەمــــە مەبەســــت و ویــــستی کافرەکانــــی ســــەرەتا بــــووە ،وەمەبەســتیان ئــەوە نەبــووە کــە خوایەکانــیان دروســت کــەرو رۆزی دەرو ســودبەخش و زیانبەخــشن خــودی خــۆیان خــوای گــەورە ئــەم قسەیە بــەتاڵ دەکاتەوە بەو ئایەتانەی کەلە قورئاندا باســی کــردووە دەربارەیان،وە ئەوانیش مەبەستیان تکاکردنیان و خاتــریان و نــزیك کــردنەوەیان بووە لــە خوای گەورە هەروەکو چــۆن خــوای گــەورە لــە ســورەتی** (یــونس)(علــیه الــصلاة والــسلام) **دەفەرمــێت:**( وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ)[٧٠]

**واتــە-هاوبــەش بــڕیاردەران کەســانێك دەپەرســتن لــە جگــە لــە خــوای گــەورە کــە نەزیانــیان پێدەگەیــەنن نەســوود وەدەڵــێن ئەمانــە لــەلای خــوای گــەورە تکامــان بۆدەکەن خــوای گــەورەیش وەڵامــی ئــەم قسەیەیان دەداتــەوە کــە دەفەرمــێت:**(قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَـا لا يَعْلَـمُ فِـي الـسَّمَاوَاتِ وَلا فِـي الْـأَرْضِ سُـبْحَانَهُ وَتَعَالَـى عَمَّـا يُشْرِكُونَ)[٧١]

---

[٧٠] یونس/١٨
[٧١] یونس ١٨

واتـه: ئـهى محمـد (e) پێـيان بڵـێ تـا ئـێوه هـهواڵ بـه خـواى گـهوره دهدهن ئايـا هـيچ شـتێكى نهێنـى ههيـه لهئاسمانـهكان و زهوى كـه خـواى گـهوره نهزانێت و ئێوه بيزانن پاك و بێگهردى بۆ خواى گهوره لهو هاوبهش بڕياردانهى كه بۆى بڕياردهدهن.

خـواى گهوره ڕوونى كردهوه كهنازانێت نه لهئاسمانهكان و نهله زهوى تكاكـهرێك ههبێت لـه لاى و تكابكـات بـهو شـێوهيهى كـه هاوبـهش بـڕياردهران مهبهسـتيانه، وه هـهر شـتێكيش كـه خـواى گـهوره بوونـى نهزانـێت ئـهوا هـيچ بونێكـى نىيـه چـونكه خـواى گـهوره هـيچ شـتێكى لێ ناشاردرێتهوه، خـواى گـهوره له سورهتى (الزمر) دا دهفهرمێت:﴿ تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ أَلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِص﴾ [٧٢]

واتـه: قـورئان ئـهو پهرتـوكهيه كـه دابهزێنـراوه لهلايهن خوايهكى باڵادهسـتى كاربـهجێ ئێمه ئـهو قورئانهمان بۆ تـۆ دابهزاندووه، بهحـهق ئـهى محمـد (e) دهى كهواتـه تـۆيش خـواى گـهوره بپهرسـته بهوپـهڕى دڵـسۆزى و نـيهت پاكىـيهوه ئايـا ئاينـى دڵسۆزى و نيهت پاكى بۆ خواى گهوره نىيه بهتاك و تهنها.

---

(٧٢) الزمر ١-٢-٣

خوای گەورە ڕوونی کردەوە کە پەرستن بەتاك و تەنها بۆ ئەوە ، وە پێویستە لەسەر بەندەکانی بەدڵسۆزییەوە بۆ ئەوی جێبەجێ بکەن، چونکە فەرمان کردنی خوای گەورە بە پێغەمبەر ( e ) کە بەدڵسۆزی پەرستنی خوای گەورە بکات فەرمان کردنە بە هەموو خەڵکی.

وەمانای دین لەم ئایەتەدا پەرستنە، وە پەرستنیش بریتییە لە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورەو گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرەکەی ( e ) وەکو پێشتر باسکرا کە پاڕانەوەو داوای فریاکەوتن و ترسان و بەهیوا بوون و سەربڕین و پەیمان بەستن دەگرێتەوە هەروەکو چۆن نوێژ و ڕۆژوو جگە لەمانە دەگرێتەوە لەو شتانەی کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( e ) فەرمانیان پێی کردووە.

لە پاش ئەمە خوای گەورە دەفەرمێت: (و الذین اتخذوا من دونه اولیاء مانعبدهم الا لیقربونا الی الله زلفی)[٧٣]

واتە: ئەوانەی کە جگە لە خوای گەورە پشتیوان و یارمەتی دەریان بۆ خۆیان بڕیار داوە ئەگەر لێیان بپرسیت بۆچی ئەوانە دەپەرستن، ئەوان لە وەڵام دا دەڵێن نایان پەرستین تەنها

---

(٧٣) الزمر ٣

بۆ ئەوە نەبێت لە خوای گەورەیان نزیك بكەنەوە خوای گەورەیش بەم ووتەیەی وەڵامیان دەداتەوە كە دەفەرمێت:( ان الله يحكم بينهم فيما هم فيه يختلفون ان الله لا يهدي من هو كاذب كفار )[٧٤]

واتە بەڕاستی خوای گەورە خۆی بڕیار دەدات لەنێوانیاندا (یەك خواپەرستان و هاوبەش بڕیاردەران) لەوشتانەی كە جیاوازن لەسەری لەپەرستنی خوای گەورەدا، بەڕاستی خوای گەورە ڕێنمای كەسانێك ناكات كە درۆزن و زۆر كافرن.

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕوونی كردەوە كە كافران خوایەكانیان نە دەپەرست لە جگە لە خوای گەورە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە لە خوای گەورەیان نزیك بكەنەوە، كە ئەمیش مەبەستی كافرەكان بووە لە كۆن و تازەدا وە خوای گەورە ئەم شتەی بەتاڵ كردەوە كە دەفەرمێت: (ان الله يحكم بينهم فيما هم فيه يختلفون ان الله لا يهدي من هو كاذب كفار ) خوای گەورە درۆكەیانی ئاشكرا كرد كە بەقسەی خۆیان دەیان ووت خوایەكانیان لە خوای گەورەیان نزیك دەكاتەوە وە بەكافریانی دانا بەوەی كە پەرستنیان بۆیان جێبەجێ كردبوو بەم شتە

[٧٤] الزمر ٣

ئەوەی کەمترین جیاکردنەوەی هەبێت دەزانێت کە کافرەکانی سەرەتا کوفرەکەیان بەهۆی ئەوەوە بووە کە پێغەمبەران و پیاوچاکان و دارو بەرد و جگە لەمانەیان لە دروست کراوەکان کردبوو بەتکاکار لە نێوان خۆیان و خوای گەورەدا وە باوەڕیان وابوو کە ئەمانە پێویستیەکانیان بۆ جێ بەجێ دەکەن بەبێ ڕێگا پێدانو ڕەزامەندی خوای گەورە هەروەکو چۆن وەزیرەکان تکا دەکەن لەلای پاشاکان وە خوای گەورەیان پێواوە بەسەر پاشاو سەرکردەکان، وە ووتیان چۆن کەسێك پێویستیەکی هەبێت لەلای پاشاو سەرکردەکان ئەوا تکا دەکات لەلایان بەکەسانی تایبەت و وەزیرەکانی وە ئێمەیش بەم شێوەیە خۆمان نزیك دەکەینەوە لە خوای گەورە بەپەرستنی پێغەمبەرەکانی و خۆشەویستەکانی کە ئەمەیش لە پوچەڵ ترین پوچەڵەکانە چونکە خوای گەورە هاوشێوەی نیە و ناپێورێت بەدروست کراوەکانی و هیچ کەسێك ناتوانێت تکا بکات لای تەنها بەڕێگا پێدانی خۆی نەبێت، وە ڕێگا نادات بە تکاکردن تەنها بەیەك خواپەرستان نەبێت، وە خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو زانایە بەهەموو شتێك وە لەهەموو کەسێك بەبەزەیی ترەو لە هیچ کەسێك ناترسێت چونکە خوای گەورە باڵادەستە بەسەر

بەندەكانیدا و هەڵس و كەوت دەكات تیایاندا چۆنی ویست لێ بێت بە پێچەوانەی پاشاو سەركردەكانەوە كە ئەوان تواناى هیچ شتێكیان نیەیە و هەموو شتێك نازانن بۆیە پیویستیان بەكەسانێك هەیە كە یارمەتیان بدەن لەسەر ئەو شتانەی كە دەستەوەستانن تێیدا لە وەزیرەكانیان و پیاوە تایبەتەكانیان و سەربازەكانیان ، هەروەكو چۆن پێویستیان بەڕاگەیاندنی پێویستیەكانی ئەو كەسانە هەیە كە ئەمان نایزانن وە پێویستیان بەكەسانێك هەیە كە داوای بەزەیی و ڕەزامەندیان بكەن لە وەزیرو پیاوە تایبەتەكانیان بەڵام خوای پەروەردگار دەوڵەمەندەو پێویستی بە هیچ لە دروست كراوەكانی نیەیە، وە بەبەزەیی ترە پێیان لە دایكی خۆیان، هەر ئەو دادوەری دادپەروەرە شتەكان لە شوێنی خۆیان دادەنێت بە گوێرەی دانایی و زانست و توانای خۆی، بۆیە دروست نیەیە بە هیچ ڕوویەك لە ڕووەكان بپێورێت بە دروست كراوەكانی، بۆیە خوای گەورە لە قورئانەكەیدا ڕوونی كردۆتەوە كە هاوبەش بڕیاردەران دانیان بەوەدا ناوە كە خوای گەورە دروست كەرەو ڕۆزی دەرەو هەڵسوڕێنەرەو ئەو وەڵامی لێقەوماوان و بێ چارەكان دەداتەوە و خراپە و تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشیان لەسەر هەڵدەگرێت و دەیان ژێنێت و دەیان مرێنێت و جگە لەم

**کردەوانە لە کردەوەکانی خوای گەورە، بەڵکو تەنها کێشەو ناکۆکی لە نێوان هاوبەش بڕیاردەران و پێغەمبەران** (علیهم الصلاة و السلام) **لەسەر بە دڵسۆزی پەرستنی خوای گەورە بووە بەتاك و تەنها هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:** (ولئن سألتهم من خلقهم ليقولن الله )[٧٥]

**واتە: ئەگەر پرسیار لە هاوبەش بڕیاردەران بکەیت کە کێ ئێوەی دروست کردووە ئەوا لە وەڵام دا بەجەخت لەسەر کراوی دەڵێن** (الله).

**وە دەفەرمێت:** (قل من يرزقكم من السماء و الارض امن يملك السمع و الابصار ومن يخرج الحي من الميت و يخرج الميت من الحي ومن يدبر الامر فسيقولون الله فقل افلا تتقون)[٧٦]

**واتە: ئەی محمد (e) بەهاوبەش بڕیاردەران بڵێ کێ ڕۆزیتان دەدات لە ئاسمان و لە زەوی، وەکێ موڵکی بیستن و بینینی ئێوەی بەدەستە، وە کێ لەشتی مردوو زیندوو دەردەکات (لە هێلکە باڵندە دەردەکات و لە مەنی مرۆڤ دروست دەکات و لەکافر موسڵمان دروست دەکات) وەکێ لە شتی زیندوو مردوو دەردەکات(لە باڵندە هێلکە دەردەکات و لە مرۆڤ مەنی**

---

[٧٥] الزخرف٨٧
[٧٦] يونس ٣١

دەردەکات و لە موسڵمان کافر دروست دەکات)، وە پێمان بڵێ کێ هەڵسوڕێنەری ئەم بوونەوەرەیە ئەوا لە وەڵام دا دەڵێن (اللّٰه)یە ، تۆیش پێیان بڵێ کە هەموو ئەم شتانە دەزانن ئەی ئیتر بۆ خوای گەورە ناپەرستن و خۆتان ناپارێزن لە ئاگری دۆزەخ؟ وە ئایەتیتر لەم بارەیەوە زۆرە وە پێشتریش باسی ئەو ئایەتانە کرا کە بەڵگەبوون لەسەر ئەوەی کە کێشەو ناکۆکی لە نێوان پێغەمبەران و نەتەوەکان تەنها بریتی بووە لە دڵسۆزی ونیەت پاکی لە پەرستنی خوای گەورە بەتاك و تەنها هەروەکو دەفەرمێت:(وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ)(٧٧)

واتە: بەجەخت لەسەرکراوی بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵکێك پێغەمبەرێکمان ناردووە تا بانگەوازی خەڵکی بکات کە خوای گەورە بپەرستن بەتاك و تەنها وە خۆیان دوور بخەنەوە لە تاغوتەکان. وەئەو ئایەتانەی تر کە مانای ئەم ئایەتەیان تێدایە زۆرن خوای گەورە لە زۆر شوێن دا لە قورئانی پیرۆزدا باسی تکاکردنی کردووە، لە سورەتی (البقرة) دەفەرمێت:( مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ )(٧٨)

---

(٧٧) النمل ٣٦

(٧٨) البقرة٢٥٥

**واتـه: کێ هەیە کە بتوانێت لە لای خوای گەورە تکا بکات تەنها بـەڕێگا پێدانـی خـوای گـەورە نەبـێت وە لەسـورەتی** (الـنجم) **دا دەفەرمـێت**:(وَكَمْ مِنْ مَلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئاً إِلَّا مِنْ بَعْدِ أَنْ يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَرْضَى)[٧٩]

**واتـه: چەندەها فریـشته هـەن لەئاسمانـەکان کـە تکاکانیان هیچ سـوودی نیـیه تـەنها لـەپاش ڕێگا پێدانـی خـوای گـەورە نەبێت بـۆ کەسـێ کـە ویـستی لێ بێت و لێـی ڕازی بێت وە لەسـورەتی** (الانبـیاء) **لـە وەسفی فریشتەکاندا دەفەرمێت**:(وَلا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُمْ مِنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ) [٨٠]

**واتـه: فریـشتەکان ناتـوانن تکا بکـەن بـۆ هـیچ کەسـێك تـەنها بـۆ کەسـێك نەبێت کـە خـوای گـەورە لێـی ڕازی بێت، وە ئـەوان لـە خـوای گـەورە دەترسـێن. وە خـوای گـەورە پـێی ڕاگەیانـدووین کـە ڕازی نیـیە بـە کوفـر لـە بەندەکانـی بەڵکـو ڕازیـیە لێـیان بەسـوپاس گـوزاری ، کـە سـوپاس گـوزرای خـوای گـەورەیش بـریتییە لـە یەکخواپەسـتی خـوای گـەورە و ئـیش کـردن بـە گوێڕایەڵـی کردنـی، خـوای گـەورە لـە سـورەتی** (الزمـر) **دا**

---

[٧٩] النجم ٢٦
[٨٠] الأنبياء ٢٨

**دەفەرمێت**:(إِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ وَلا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ)[81]

**واتە: ئەگەر ئێوە کوفر بکەن بە خوای گەورە ئەوا بەڕاستی خوای گەورە دەوڵەمەندەو پێویستی بە ئێوە نىیە خۆی سوپاس کراوە بەڵام ڕازی نىیە بە کوفر بۆ بەندەکانی، بەڵام ئەگەر سوپاس گوزاری خوای گەورە بکەن ئەوا لێتان ڕازی دەبێت وە ئیمامی بخاری لە صحیحەکەیدا لە** (ابي هريرة)**وە – خوای لێ ڕازی بێت –گێڕاوێتیەوە کە بە پێغەمبەری (e) فەرمووە: کێ بەختەوەرترین کەسە بەتکاکردنی تۆ لە ڕۆژی دوایىدا ئەویش لە وەڵامدا فەرموی:** (من قال لاإله الاالله خالصا من قلبه)او قال (من نفسه)

**واتە–هەرکەسێك بڵێت لاالە الا الله بەدڵسۆزییەوە لە دڵییەوە یاخود فەرمووی لە نەنەفسىیەوە.**

وفي الصحيح عن انس رضي الله عنه عن النبى (e) انه قال:

(لكل نبي دعوة مستجابه فتعجل كل نبي دعوته واني اختبأت دعوتي شفاعة لامتي يوم القيامة فهي نائلة ان شاءالله من مات من امتي لايشرك بالله شيئا)

---

[81] الزمر ٧

واتە-هەموو پێغەمبەرێك پاڕانەوەیەكی وەرگیراوی هەبوە لەلای خوای گـەورە ،وە هەمـوو پێغەمـبەران (علـیهم الـصلاة والـسلام)پەلـەیان كـرد لـە پاڕانەوەكـەیان و لـە دنـیادا لـە خواپاڕانەوەو بۆی جێبەجێكـردن و وەڵامـی دانـەوە،بـەڵام مـن پاڕانـەوەی خـۆم دواخـستو هێـشتمەوە بـۆ تكاكـردن بـۆ نەتەوەكـەم لـە ڕۆژی دوایـدا ،كـە ان شـاءالله دەسـتی هەمـوو كەسێك دەكەوێت كە بمرێت لەنەتەوەی من و هیچ هاوبەشێكی بۆ خوای گەورە بڕیارنەدابێت.

وە فەرمودەی تر لەم بوارەدا زۆرە.

وە هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی كە باسمان كرد بەڵگەن لەسـەر ئـەوەی كـە پەرسـتن بە تـەنها مافـی خـوای گـەورە یـە و دروسـت نیـیە شـتێكی بـۆ جگـە لـە خـوای گـەورە جێبەجێبكرێت نەبۆ پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)وە نە بۆ جگە لەوان،وەتكا كردنیش موڵكی خوای گەورە یەهەروەكو دەفەرمێت: (قل لله الشفاعة جميعا)[٨٢]

---

[٨٢] الزمر/٤٤

واتە- ئەی محمد (e) پێیان بڵێ کە تکاکردن هەمووی موڵکی خوایەو کەس توانای هەڵس و کەوت کردنی نی‌یە تێیدا تەنها خوای گەورە نەبێت.

وەهیچ کەسێك شایانی تکاکردنی نی‌یە تەنها لە پاش ڕێگا پێدانی خوای گەورە نەبێت بە تکاکار ورەزامەندی لە تکابۆکراو ،کە خوای گەورەیش بەجگە لە یەکخواپەرستی بە هیچ شتی تر رازی نی‌یە هەروەکو چۆن پێشتر باس کرا.

بەلام هاوبەش بڕیار دەران هیچ بەشێکیان نی‌یە لە تکاکردندا ،هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت: (فما تنفعهم شفاعة الشافعين)[٨٣]

واتە:-هیچ تکای تکاکاران سودیان پێناگەیەنێت(واتە بەهاوبەش بڕیاردەران) ،وە دەفەرمێت: (ما للظالمين من حميم ولا شفيع يطاع)[٨٤]

واتە-لە ڕۆژی قیامەتدا ستەمکاران (هاوبەش بڕیاردەران)هیچ خۆشەویست و خزم و دۆستێکیان نی‌یە کە ڕزگاریان بکات وە هیچ تکاکارێکیان نی‌یە کە گوێڕایەڵی بکرێت چونکە خوای گەورە رازی نابێت کەس تکا بۆ هاوبەش بڕیاردەران بکات.

---

[٨٣] المدثر/٤٨
[٨٤] غافر/١٨

**وەستەم ئەگەر بە ڕەهایی و بەربلاوی هات ئەوا مەبەست پێی هاوبەش بڕیاردانە ،هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:** (والكافرون هم الظالمون)[٨٥]

**واتە کافران ئەوان ستەمکارن .**

**وە دەفەرمێت:** (ان الشرك لظلم عظيم)[٨٦]

**واتە–بەڕاستی هاوبەش بڕیاردان بەجەخت لەسەرکراوی‌یەوە ستەمێکی گەورەیە،وە ئەوەی کەلە پرسیارەکەتدا باست کردبوو لەوەی کە هەندێك لە سۆفی‌یەکان لە مزگەوت و جگە لە مزگەوت دەڵێن:**

**خوایە سەلاوات لێبدە لەسەر ئەو کەسەی کە کردووتە بەهۆی لەت کردنی نهێنی‌یە دەسەلاتدارەکانت و دەرکەوتنی روناکی یە سۆزاوی‌یەکانت کە بوە بە جێگری ئامادەبووی خواویستی و جێنیشینی نهێنی‌یە خۆیی‌یەکانت.....هتد**

وةلاَم

**ئەوەیە کە بوترێت ئەم قسەیە و هاوشێوەی لە کۆی ئەو زیادەڕەوی و رۆچونەیە کە پێغەمبەر (e) ئاگاداری کردوینەتەوە لێی کە لە الصحيح دا مسلم لە عبدالله ی کوری**

---

[٨٥] البقرة/٢٥٤

[٨٦] لقمان/١٣

مسعود(خوای لیٚ‌ڕازی بیٚت) دەیگیٚریٚتەوە کە پیٚغەمبەر ( e ) فەرمویەتی: (هلك المتنطعو ن قالها ثلاثا)

واتە –ڕۆچوان و زیادڕەوان بە هیلاك و لەناوچون سیٚ جار ئەمەی فەرموو ، ئیمامی الخطابی(رەحمەتی خوای لیٚبیٚت)دەفەرمیٚت:

(المتنطع :ئەو کەسەیە کە ڕۆدەچیٚت لە شت داو زیادڕەوی دەکات کە گەڕان بە دوای دا لەسەر مەزهەبەکانی ئەهلی کلامە (اهل الکلام)کە ئەمان دەچنە هەموو شتیٚکەوە کە پەیوەندی پیٚیانەوە نەبیٚت وقسەدەکەن لە شتی وادا کە عەقلٚیان نایگاتیٚ)

ابو السعادات ابن الاثیر: (دەفەرمیٚت: المتنطعو ن :ئەوانەن کە ڕۆدەچن و زیادڕەوی دەکەن لە قسەکردندا وقسە دەکەن بەو پەڕی گەرویان لە(نطع)وەرگیراوە کە بۆشایی سەرەوەی دەمە پاشان بەکارهات بۆ هەموو کەسیٚك کە ڕۆبچیٚت لە ووتەو کردەوەدا.وە بەوەی کە ئەم دوو پیٚشەوایە باسیان کرد کە هەردووکیان پیٚشەوان لە زماندا،بۆ تۆو هەموو کەسیٚك کە کەمترین زانیاری هەبیٚت دەرکەوت کە ئەم چونیٚتیەیە لە سەلاٚوات و سەلام کردن لەسەر پیٚغەمبەرمان و گەورەمان پیٚغەمبەری خوا ( e ) لە کۆی ئەو ڕۆچون و زیادڕەویەیە کە قەدەغە کراوە وە ئەوەی کە شەرعی بیٚت بۆ موسلٚمان لەم

**بــوارەدا ئەوەیــە کــە بگــەڕێن بــە دوای چــونێتی جــێگیر لــە پێغەمــبەری خــواوە ( e ) لــە چــونێتی ســەڵاوات و ســەلام کــردن لەســـەر پێغەمـــبەر ( e ) کـــە ئەمـــە بەســـەو موســـڵمان پێویـــستی بەجگە لەمانە نابێت.**

**وە لـەو چۆنێتی یانەی کە جێگیر بوونە لە پێغەمبەرەوە ( e )** ما رواه البخاري و مسلم فى الصحيحين واللفظ للبخاري عن كعب بن عجرة (رضي الله عنه) **کە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت)ووتیان ئـەی پێغەمـبەری خـوا ( e ) فـەرمانمان پێکـراوە کـە سـەڵاوات لەسـەر تۆ بدەین چۆن سەڵاواتت لەسەربدەین ئەویش فەرمووی بڵێن** (اللهم صل على محمد وعلى ال محمد كما صليت على ابراهيم وعلى ال ابراهيم انك حميد مجيد وبارك على محمد وعلى ال محمد كما باركت على ابراهيم وعلى ال ابراهيم انك حميد مجيد)وفى الصحيحين عن ابى حميد الساعدى (رضي الله عنه)**کە ووتویانە ئەی پێغەمبەر ی خوا ( e ) چۆن سەڵاواتت لەسەر بدەین ،ئەویش فەرمووی:**

(قولوا اللهم صل على محمد وعلى ازواجه وذريته كما صليت على ال ابراهيم وبارك على محمد وازواجه وذريته كما باركت على ال ابراهيم انك حميد مجيد)وفى صحيح مسلم عن ابى مسعود الانصارى (رضى الله عنه)قال: قال بشير بن سعود:**ئەی پێغەمبەری خوا ( e ) خوای**

گــەورە فەرمانــی پــیٚ کــردوین کــە ســەلاٚواتت لەســەر بــدەین ؟ئەویش بیٚدەنگ بوو پاشان فەرمووی:

(قولوا اللهم صل على محمد وعلى ال محمد كما صليت على ابراهيم وبارك على محمد وعلى ال محمد كما باركت على ابراهيم في العالمين انك حميد مجيد والسلام علمتم)

ئەم ووتانەو هاوشێوەیان و جگە لەمانەیش کە جێگیر بوو.لە پێغەمبەر (e) پێویستە لەسەر موسڵمان ئەمانە بەکاربهێنێت لــە ســەلاٚوات دانــی لەســەر پێغەمــبەر (e) و ســەلام کردنــی لیٚی،چونکە پێغەمبەر (e) زاناترین کەسە بەوەی کە شایانی بەکارهێنانە لەحەقی خۆیدا،هەروەکو چۆن زاناترین کەسیشە بەوەی کە پێویستە بەکاربهێنرێت لە حەقی پەروەردگاریدا لە ووتــە ،بــەلاٚم ئــەو ووتــە زیــادڕەوی یانــە و داهێنــراوانە و ئــەو ووتانــەی کــە ئەگــەری مانــای نادروستیان لیٚ دەکرێت،وەکو ئەو ووتانــەی کەلــە پرســیارەکەتدا باســت کــردبوو ،ئــەوا پێویــستە بەکارنەهێنــرێن چونکە زیادڕەویــان تــێدایە ،وە لەبەرئــەوەی کــە ڕاڤە دەکرێن بەچەند مانایەکی پوچەڵ لەگەڵ ئەوەی جیاوازو پێــچەوانەی ئــەو ووتانەیــە کــە پێغەمــبەری خــوا (e) بــەکاری هێناوە و هەڵی بژاردووەو ڕێنمایی نەتەوەکەی کردووە بۆی کە ئــەو زاناتــرین کەســەو ئامۆژگارکەرتــرین و دورتــرین کەســە لــە

ڕۆچوون و زیادڕەوی کردن (علیه من ربه افضل الصلاة والسلام)وە بەو هیوایەم ئەو بەڵگانەی کە باسمان کرد لە روون کردنەوەی ڕاستێتی یەکخواپەرستی و حەقیقەتی هاوبەش بڕیاردان و جیاوازی نێوان ئەوەی کە هاوبەش بڕیاردەرانی دواییني لەسەربووە .لەم بوارەدا وە لەڕوون کردنەوەی چۆنێتی سەڵاوات دانی شەرعی لەسەر پێغەمبەری خوا ( e ) بەس بێت و باوەڕ پێکەربێت بۆ حەق ویست.بەڵام ئەوەی نەیەوێت حەق بناسێت ئەوا شوێنی ئارەزوەکانی کەوتووە و خوای گەورە یش فەرموویەتی :(فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدىً مِنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٨٧)

واتە–ئەگەر بێباوەڕان وەڵامی تۆیان نەدایەوە ئەی محمد ( e ) ئەوا بزانە تەنها شوێنی ئارەزوەکانیان کەوتون ،وەکێ لەو کەسە گومڕاترە کە شوێنی ئارەزوەکانی بکەوێت بەبێ ڕێنمایی لە خوای گەورەوە ،بە ڕاستی خوای گەورە ڕێنمایی خەڵکی ستەمکار ناکات.

---

(٨٧) القصص/٥٠

**خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا روونی کردەوە کە خەڵکی بە گوێرەی ئەو شتەی کە خوای گەورە پێغەمبەر ( e ) بۆی ناردووە لە هیدایەت و دینی راست دوو بەشن بەشێکیان وەڵامدەرەوەن بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ( e ) وە بەشی دووەمیان شوێن کەوتوی ئارەزوەکانێتی ،وە خوای گەورە پێمانی راگەیاند کە هیچ کەس لەو کەسە گومڕاتر نی یە کە شوێنی ئارەزوەکانی دەکەوێت بەبێ ڕێنمایی لە خوای گەورەوە ،بۆیە داواکارین لە خوای گەورە پارێزراومان بکات لە شوێن کەوتنی ئارەزوو هەروەکو چۆن داوای لێدەکەین کە ئێمەو ئێوە هەموو برایانمان بگێڕێت لەو کەسانەی کە وەڵامدەرەوەن بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ( e ) وە بەگەورە دانەری شەریعەتەکەین وە ئاگادارکەرەوەن لە هەموو ئەو شتانەی کە پێچەوانەی شەریعەتەکەیەتی لە داهێنراوو ئارەزووەکان** انه جواد كريم وصلى الله وسلم على عبده ورسوله نبينا محمد واله واصحابه واتباعه باحسان الى يوم الدين.

والحمد لله الذى بنعمته تتم الصالحات